# نەوژین

ژمارە (٢٨) ئاداری ٢٠١٩

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات




ژن و پیاو جیادەبنەوە و منداڵ دەبێتە قوربانی

2««

## رەوشی ژنان لە گەرمیان لە رۆژی جیهانی ژنان دا

# هەنگاوێک بۆ پێشەوە و هەنگاوێک بۆ دواوە




■ نەوژین

**بەپێی بەدواداچونەکانی (نەوژین) رەوشی ژنانی گەرمیان لە سەروبەندی رۆژی جیهانی ژنان دا، لە هەندێک بواردا بەرەوپێشەوەچون و لەهەندێکی دیکەشدا پاشەکشە هاتونەتە ئاراوە.**

هەمو ساڵێک لە مانگی ئادار و سەروبەندی رۆژی جیهانی ژنان، لە وڵات و هەرێم و ناوچە جیاوازەکان، هەڵسەنگاندن و شیکاریی بۆ دۆخی ژنان دەکرێت و ئەو بەرەوپێشەوەچونانەی کە هەیە دەستنیشان دەکرێت و ئەو پاشەوەچون و گرفتانەی لە ئارادان دەخرێنەڕو و ئالەنگاریەکانی قۆناغی داهاتوش ئاشکرا دەکرێن.

ئەوەی پەیوەندی بە ناوچەی گەرمیانەوە هەبێت، رەوشی ژنان لەنێوان دو یادی رۆژی جیهانی ژنان دا (٨ی مارسی ٢٠١٨ بۆ ٨ی مارسی ٢٠١٩)، لە هەندێک بواردا پێشەوەچونی بەخۆیەوە بینیوە، بەپێچەوانەشەوە لەهەندێکی تردا پاشەکشە.

هەرچی پەیوەندی بە پێشێلکاریی و توندوتیژیەکانەوە هەیە، ئەوا بەپێی ئامارە فەرمیەکان، رەوشی ژنان لەگەرمیان بە بەراورد بە ساڵێک پێشوتر، خراپتر بوە، بەتایبەت لەروی حاڵەتەکانی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان، کە لەو ماوەیەدا ٣ قات و ٢ قات زیادیانکردوە، بەتایبەت کوشتنی ژنان کە ٣ هێندە زیاتر بوە.

بواری رۆڵپێدانی ژنان لە کایەی فەرمی و حکومیەکاندا، یەکێکی ترە لەو بوارەی کە لەم ساڵدا لەگەرمیان هیچ بەرەوپێشەوەچونێکی ئیجابی تێدا بەدیی نەهاتوە، چونکە لەکۆی (٧٧) دەزگای حکومیی فەرمیی، تەنها (٩) دەزگایان لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێن.

لە دیوە ئیجابی و بەرەو پێشەوەچونەکەیشی دا، ئەم ماوەیە بەتایبەت لە روی سیاسەت و نوێنەرایەتیکردنی ژنانی گەرمیان لە ئەنجومەنی هەڵبژێردراوەکان، زۆر تایبەت و نەوعی بوە، بەشێوەیەک بۆ یەکەمجار گەرمیان لە بەغدا و هەولێریش نوێنەری ژنی لە پارلەماندا هەیە.

ئەوەی بەغدا کەبۆیەکەمجارە لەمێژوی گەرمیاندا رودەدات، یوسرا رەجەب، وەکو پارلەمانتارێکی ژن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی (نەوەی نوێ) سەرکەوتنی بەدەستهێنا و بو بە یەکەم پارلەمانتاری ژنی گەرمیان لەو ئەنجومەنە.

هەرچی کوردستانیشە، ئەوا بۆیەکەمجار و لەوەتەی پشت بە لیستی داخراو بۆ هەڵبژاردن نابەسترێت، ژنێک لەگەرمیانەوە توانی ببێت بە ئەندامی پارلەمانی کوردستان، کە ئەویش (شیرین ئەمین) بو لە لیستی (گۆڕان).

ئەم بەرەوپێشەوەچون و پاشەکشانە پێکەوە، دۆخی ژنان بە هەڵواسراویی دەهێڵێتەوە و ئالەنگاریەکی زۆر بۆ ماوەی داهاتو بەجێدەهێڵیت، کە دەبێت دەسەڵات و رێکخراوە مەدەنیەکان و ناوەندە ئەهلیەکان خەمیی لێبخۆن و هەوڵی بەرەوپێشبردنی بدەن.



دەرگاکانی حزب و حکومەت بەروی ژنان دا داخراون

3««



کچانی دەرچو نیگەرانن: بروانامە کاری بۆ پەیدا نەکردین

5««



منداڵی بلوری چۆن دروست دەبێت؟

10««

## خوێندکارێکی (بایەلۆژی) دەبێتە پاڵەوانی خولێکی وەرزشی

6««





## کچان توانا ئەدەبیەکانیان لە (ڤیستیڤاڵی ئاران)دا دەردەخەن

7««

# ژن و پیاو جیادەبنەوە و منداڵ دەبێتە قوربانی

■ نەوژین، ئەسما کەریم

**«تەمەنم هەشت ساڵ بو کە دایک و باوکم جیابونەوە، پێش جیابونەوەیان ئەوەندە شەڕ و هەرایانم بینی بو منالێم بەترس و گۆشەگیری بەرێکرد، دوای جیابونەوەشیان خەمەکانم دو ئەوەندە زیادی کرد». ئەمە قسەی (رێناس)ە، کە وەک خۆی هێمای بۆ دەکات، دوای جیابونەوەی دایک و باوکی، ژیانی تاڵ بوە.**



ئەگەر جیابونەوە چارەسەر و دەربازبون بێت بۆ هاوسەرەکان لەو ژیانە ناخۆشەی کە تیای دان، ئەوا بۆ توێژێکی تر کارەساتێکە کە تا کۆتایی تەمەن کاریگەریی و لێکەوتەکانی بەسەریانەوە خۆی دەنوێنێت، ئەو توێژەش: منالانن.
رێناس، ٢٣ ساڵ، دەرچوی زانکۆیە، بۆ (نەوژین) وتی: «پانزە ساڵ دەبێت باوک و دایکم جیا بونەتەوە، من لەگەڵ خوشک و برایەکم لەلای باوکم بوین، هەرکات بمانەوێت سەردانی دایکم دەکەین، بەڵام هیچ وەکو ئەوە خۆش نیە دایکم بەردەوام لەماڵدا بێت».
(شەیما)ی ١٩ ساڵ کە خوێندکاری پەیمانگایە، یەکێکی ترە لەو کچانەی کە لەتەمەنێکی کەمدا، دایک و باوکی بەهۆی دەستێوەردانی کەسی سێیەم لەژیانیان جیابونەتەوە. وەکخۆی ئاماژەی بۆ دەکات تاوەکو ئێستاش تامەزرۆی ئەوەیە تەنها جارێکیش بێت لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، دایکی لە ماڵدا ببینێت.
یەکێک لەو بوارانەی کە منالان لە جیابونەوەی دایک و باوکیان دا زۆر پێی کاریگەر دەبن، لایەنی دەرونییە، کە بەوتەی توێژەرێک ئەم بوارە رەنگە سەر بکێشێت بۆ حاڵەتی مەترسیدار.
محەمەد نەجیب، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) وتی: «بەشێکی زۆر لەو منالانەی باوک و دایکیان لێک جیابونەتەوە، رەنگە لەداهاتودا پەناببەنە بەر رەفتاری خراپ یان کەسانی شەڕانگێزیان لێدەربچێت، هەڵبەت ئەمەش مەرج نیە هەمو جارێک روبدات».
سەرباری ئەم لێکەوتە خراپانە، بەڵام بەشێکی تر لە کچان، بە جیابونەوەی دایک و باوکیان، لێنەگەڕاون ژیانیان وێران بێت، بەڵکو هەوڵیانداوە کاریگەری ئەو دۆخە لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە.
شیلان، ٢٢ ساڵ، دەڵێت: «بێگومان جیابونەوەی دایک و باوکم سەرەتا زۆر سەخت و ناخۆش بو، بەڵام دایکم نەیهێشت کاریگەری زۆر هەبێت لەسەرم، منی بردە لای خۆی و هەمیشە ئاگای لێم بوە».
لەم ساڵانەی دوایدا رێژەی جیابونەوە (تەڵاق) بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە بەتایبەت لەناوچەی گەرمیان، ئەگەرچی لایەنی پەیوەندیدار ئاماری پێویست لەوبارەوە راناگەیەنێت، بەڵام یاساناس و چالاکوانان جەخت لەم زیادبونە دەکەنەوە.
نەشاد عومەر، پارێزەر، جەخت لەم زانیارییە دەکاتەوە و دەڵێت: «رێژەی جیابونەوە زۆر زیادی کردوە».
لەبارەی منالانی ئەو هاوسەرانەی لێکجیا دەبنەوە، (نەشاد عومەر) وابەباش دەزانێت ئەو هاوسەرانەی بڕیاری جیابونەوە دەدەن و منالیان هەیە، بابەتی بینینی منال نەبەنە دادگا و خۆیان لەسەر بینینی منال رێک بکەون، هەروەک منالەکەش بدرێت بەوەیان کە دەتوانێت باشتر پەروەردەی بکات و ئاگای لێی بێت.
شادان، ٢٩ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «ماوەی چوار ساڵە لە هاوسەرەکەم جیا بومەتەوە و خەسوم هۆکاری سەرەکی جیابونەم بو، چونکە لەگەڵ ماڵی خەسوم دەژیام زۆر بێزاری دەکردم چەند جارێکیش داوام لەپیاوەکەم کرد کەجیاببمەوە، بەڵام ماڵی جیای بۆ نەکردم، دو منالم هەبو کەبڕیاری جیابونەوەمدا زۆر بیرم لە منالەکانم ئەکردوە، بەڵام چارم ناچار بو».

# ژن بە ژن لەبەرگێکی نوێ دا

■ نەوژین، ژینۆ خەلیل*

**ژن بە ژن، دیاردەیەکی ناسراوی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، بەڵام لەگەڵ دەرچونی یاسایی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی، ئەم حاڵەتە قەدەغەکراوە و بە پێشێلکاریی دانراوە کە سزای لەسەرە، بۆیە ئێستا ئەگەرچی کەمیکردوە، هاوکات خێزانەکان رێگەی تریان دۆزیوەتەوە بۆ ئەنجامدانی.**

ژن بە ژن، بەمانا باوەکەی ئەوەیە کە کچ و کوڕێک هاوسەرگیری دەکەن، پاشان کچ یان کەسێکی نزیکی کوڕەکە، دەدرێت بە کوڕێکی خێزانەکەی تر، لەبەرامبەر ئەو کچەی لێیان هێناون. ئەم حاڵەتە زۆرجار ژنان تیایدا دەبنە قوربانی و ناچار دەکرێن بە هاوسەرگیرییەک لەپێناو برا یان کەسێکی خێزانەکەیان، هەربۆیە لە یاسای ژمارە (٨)ی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی کە پارلەمانی کوردستان دەریکردوە و تائێستا بەرکارە، ئەم هاوسەرگیریە رێگەپێنەدراوە و بە تاوان هەژمار دەکرێت.
بەڵام وادیارە خێزانەکات، ئێستا فێڵ و رێگای تازەیان دۆزیوەتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە، بەشێوەیەک لەروی یاساییەوە خەتابار نەبن.
تارا، ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن ٣٠ ساڵەیە. ئەو بەژن دراوە بۆ براکەی و لەئێستادا لەکێشە و ململانییەکی قوڵدایە.
وتی: «ئامۆزایەکم هاتە داخوازیم، بەڵام براکەم داوایکرد کەخوشکی ئەویش شوی پێ بکات , ئەوەبو من هاوسەرگیریم لەگەڵ ئامۆزاکەم کرد و شیربایی بڕ کرام، دوای پێنج مانگ براکەشم داوای ئامۆزاکەمی کرد و مارەی کرد».
ئەو ژنە باس لەوەدەکات کە براکەی و براژنەکەی پێکەوە نەدەگونجان و بەردەوام کێشەیان هەبوە، تا سەرەنجام لەدوای ٢ ساڵ جیابونەتەوە، بەڵام ماڵی باوکی هاتون و ئەمیان بەزۆر بردەوەتەوە و وتیانە دەبێت جیاببێتەوە.
بە خەمگینیەوە وتی: «هەرچەندە من لەگەڵ مێردەکەم هیچ کێشەم نەبو و یەکترمان خۆشدەویست، بەڵام بەزۆر جیایان کردمەوە و بەهۆی براکەمەوە ماڵم وێران بو لەمێرد و منالم دورکەوتمەوە».
تارا، نمونەی سەدان ژنی ترە، کە بون بە قوربانی ئەم پرۆسەیە بەهۆی کەمی هۆشیاریان و بێئاگاییان لەهەبونی یاسایەک کە ژن بەژنی تێدا قەدەغە کراوە و دەتوانن ئەنجامی نەدەن.
شیلان، ٢٧ ساڵ، یەکێکی ترە لەقوربانیانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە نایاساییە، بۆ (نەوژین) وتی: «براکەم لەگەڵ پورزاکەم هاوسەرگیریان کردوە، دوای چەند ساڵێک من و پورزاکەم کەدەکاتە برای براژنەکەم، یەکترمان خۆشویست و پەیوەندی خۆشەویستیمان بەست، دواتر هاتە خوازبێنیم و ماڵەوەمان رازی بون و هاوسەرگیرییمان کرد».
بەردەوام بو و وتی: کاتێک هاوسەرگیریم لەگەڵ کرد بینیم ئەو پیاوە نییە کەپێشتر دەمناسی، زۆر دڵی پیس بو و خراپ بو لەگەڵم، بۆیە بڕیارم دا لێی جیا ببمەوە.
ئەم جیابونەوەیە لە کوردستان رویداوە، بەڵام لێکەوتەکانی لە ئەوروپا سەریهەڵداوە، چونکە براو براژنەکەی لەئەوروپا دەژیان و بەوتەی خۆی براژنەکەی پاش ئاگاداربون لە جیابونەوەی ئەوان، ئەویش بە فشاری براکەی داوای جیابونەوەی کردوە، بۆیە (شیلان) بەناچاری پەشیمان دەبێتەوە لە جیابونەوەی و بەرگەی ئەو ژیانە ناخۆشە دەگرێت، بۆ ئەوەی ژیان لە براکەی نەشێوێنێت.
وتیشی: ئێستا منالێکم هەیە و مێردەکەم تادێت خراپتر دەبێت لەگەڵم، چونکە دەزانێت من لەبەرخاتری براکەم لێی جیانابمەوە.
ئەگەر خێزانەکان بە پشت بەستن بە رایەڵە و عورفی کۆمەڵایەتی بڕیار لەو بابەتانە بدەن، ئەوا بۆچونی یاسا شتێکی ترە.
نەشاد عومەر، پارێزەر، لەوبارەیەوە بۆ (نەوژین) وتی: «ژن بەژن لەیاسادا هیچ بنەمایەکی نییە و شتێک نییە رێگە پێدراو بێت، گرێبەستی هاوسەرگیری بەپێی یاسای باری کەسێتی تەنها لەنێوان دو کەس دەکرێت و هیچ گرێبەستێک پەیوەندی بەگرێبەستێکی ترەوە نییە».
رونیشیکردەوە «ژنیش مافی ئەوەی هەیە داوای جیابونەوە بکات، ئەگەر ئەو ژنە سەلماندی بەزۆر بەشودراوە ئەوا دەتوانێت داوای جیابونەوە بکات و دادگاش جیای دەکاتەوە».
ئەو پارێزەرە دان بەوەشدا دەنێت سەرباری بونی ئەم یاسایەش، بەڵام خەڵکانێک بەو شێوەیە پرۆسەکە ئەنجام دەدەن کە لە ٢ کاتی جیادا و بەجیا دەچنە لای دادوەر و هاوسەرگیریی دەکەن، دادگاش نازانێت ژن بە ژنە.
لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە کە ئەمجۆرە لە هاوسەرگیریی، کێشەی زۆر بەدواوەیە، هەربۆیە بەپێی یاساش قەدەغە کراوە.
ئاماژەی بەوەشکرد هەرکام لە ژنەکان ئەگەر بە زۆرەملێ ناچار بە پرۆسەکە کرابێت، ئەوا دەتوانێت لە بەردەم دادگا بیدرکێنێت و دادوەریش هاوسەرگیرییەکە پەسەند ناکات.



* ئەندامی تیمی رێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان

# دەرگاکانی حزب و حکومەت بەڕوی ژنان دا داخراون



■ نەوژین، نیگار عومەر

**سەروی ٧٠ فەرمانگەی حکومیی جیاواز لەسەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان و قەزاکانی دا هەیە، بەڵام ڕێژەی ئەو ژنانەی کە بەرپرسیارێتیان لەو دەزگایانەدا هەیە، لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن.**

لەگەرمیانـدا حاڵەتێکـی بەرچـاو بونی هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە حکومـەت بەتـەواوی «نێرانەیـە»، بـەو مانایەی ڕێـژەی ژنانـی بەڕێوبـەر و بەرپرس لە جومگەکانی دەسـەڵاتی جێبەجێکردنی خۆجێی دا زۆر کەم و سنوردارە.

ژنان بـاس لەوەدەکەن کـە هۆکارەکان جیاوازن، بەڵام بەشـی زۆری پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ڕێگەیان پێنادرێت بێنە پێشەوە، نەک خۆیان نەیەن.

خەدیجـە لەتیف، دەرچـوی زانکۆیە و دانیشـتوی کەلارە، باس لەوەدەکات کە پـاش تەواوکردنی کاری زانکۆ، چەندین دەستپێشـخەریی کـردوە بـۆ ئـەوەی بتوانێت لە بوارەکەی خۆی دا خزمەتێک بـە بەرەوپێشـەوەچونی کۆمەڵگاکـەی بکات، بەڵام ڕێگەی پێنەدراوە.

وتـی: پێویسـتە حکومـەت هەلـی بەشـداریکردنی خانمـان لـە کایـە جۆراوجۆرەکانی حکومەتدا بڕەخسێنێت.

بـەردەوام لـە باسـکردنی نەبونی ژنان لـە جومگەکانی دەسـەڵات و بەتایبەت حکومـەت دا، ژنـان تاوانبـار دەکرێـن بـەوەی نایەنە پێشـەوە، بـەڵام کچێک ئەم بۆچونە ڕەد دەکاتەوە.

شـەپۆل جەبار، خوێنـدکاری زانکۆ، بۆ (نەوژین) دوا و وتی: «زۆر جار گوێمان لەوە دەبێت گوایا ژنان خۆیان بەشداری کاری سیاسی ناکەن، بەڵام ئەمە راست نییە».

ئەو کچە نمونەی خۆی دێنێتەوە کە زۆر هەوڵـی داوە پێگەی خـۆم بکاتەوە لە نێو یەکێک لەم حیزبانەی کوردسـتاندا، بـەڵام وەکخـۆی دەڵێـت: «بەهـۆی قورخکاری پیاوانـەوە ڕێگەم پێنەدراوە بگەم بە پۆست و پلە، جگە لەوەی من توانایەکی باشیشم هەیە».

ژنـان بـاس لەوەدەکەن کـە بەوهۆیەی پۆسـتەکان لەسـەر بنەمـای حزبیـی دابـەش دەکرێـن، بۆیە ئاسـان ناتوانن پێی بگەن.

خەدیجـە، لەوبـارەوە وتـی: «حیـزب و کەسـی حیزبیـت لـە پشـت نەبێت، ناتوانین هیچ بچیتە پێشەوە».

> کەسی حیزبیت لە پشت نەبێت، ناتوانی بچیتە پێشەوە

(شـەپۆل)یش پێیوایـە کـە جگـە لە حزبیـی بون، بونی پشـتیوانی لەلایەن بەرپرسـانەوە، تاکە زامنـی وەرگرتنی پۆسـتە «ئەگەر خزمی فلان و فیسـار نەبیـت، مەحاڵـە دەرگا داخراوەکانـی حکومەتە حزبییەکە بکەیتەوە».

بەڵام بەڕێوبەرێکی گشـتی لەگەرمیان، ئامـاژە بـەوەدەکات کـە ئەگـەر ژنان بیانەوێـت، ئەوا دەتوانـن ببنە خاوەنی پۆست و پایە.

شـادیە حسـێن، بەڕێوبـەری گشـتی کشـتوکاڵی گەرمیان، باس لەوەدەکات کـە ژنانیش جیاوازییان نییە و دەتوانن وەکو پیاوان ڕۆڵ بگێڕن.

ئەو کە لەسەر بەشی بزوتنەوەی گۆڕان ئەو پۆسـتەی وەرگرتوە، نایشـارێتەوە کە ئەگەر پشتیوانی حزبەکەی نەبوایە، ئاسـان نەبو بۆ ئەو کە پۆسـتی حزبی وەربگرێت.

> ژنان پەراوێز خراون لەبواری سیاسەتدا

لە هەرێمـی کوردسـتان دا بۆ هەندێک بـوار و دەسـەڵات، کار بە سیسـتەمی (کۆتـا) دەکرێـت، بـەوەی ڕێژەیـەک لـە کورسـی و پۆسـتەکان بـە ژنـان دەدرێت، ئەم حاڵەتـەش بەزۆری لەناو دەسـەڵاتی یاسـادانان و ئەنجومەنـە هەڵبژێردراوەکانـدا هەیە و لە حکومەت و دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن دا کاری پێناکرێت.

شـەیما عەدنـان، چالاکوانـی ژنـان، بـاس لـەوەدەکات کـە ژنـان پەراوێـز خـراون لەبـواری سیاسـەتدا، ئەمەش دەگەڕێنێتـەوە بـۆ «دەسـەڵاتی پیاوسالاری».

شـەیما، دەڵێت: «ئاسـتی بەشـداریی سیاسـی ژنـان لـە حکومـەت کەمترە وەک لـە پیـاوان، چونکـە پەیوەنـدی بەدەسـەڵاتی بەڕێوەبردنـی وڵات و دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە».

ئەو چالاکوانە ڕاشـی وەهایە کە لەمپەر و ڕێگرییەکـی زۆر هەیە لەبەردەم ژنان بـۆ ئـەوەی بەشـدار نەبـن لـە کایەی سیاسـییدا، بەڵام جەختیـش دەکاتەوە نابێـت لەئاسـت ئـەم ئاسـتەنگانەدا ژنـان کۆڵ بدەن «دەبێـت ژنان خۆیان بەوپـەڕی جورئەتەوە بێنە مەیدانەوە و تواناکانی خۆیان پیشانبدەن».

---

## شیرین شێخ حسێن، کارگێڕی مەڵبەندی گەرمیانی (ی.ن.ک):

# ڕێگری و کۆسپەکان ژنان لە هاتنە پێشەوەیان لەناو حزبدا سارد دەکەنەوە

■ نەوژین، زریان محەمەد

**شیرین شێخ حسێن، ماوەی (٢٨) ساڵە کاری حزبایەتی و ڕێکخراوەیی دەکات، لە ئەندامی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانیەوە دەستی پێکردوە تا گەیشتوە بە پلەی کارگێڕی مەڵبەندی گەرمیان و بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و روناکبیری ئەو مەڵبەندە. لە دیدارێکی (نەوژین) دا، باس لەو ئالەنگاریی و گرفتانە دەکات کە ڕوبەڕوی ژنان دەبێتەوە لەکاتی کاری سیاسی دا.**



* هۆکاری هاتنت بۆ نێو حزب و کایەی سیاسی بۆچی ئەگەڕێتەوە؟

کۆمەڵێـک پاڵنەرم هەبـو، کاتی خۆی وەک ئێستا نەبو ئەوکات کارکردن بۆ ژن زۆر قورس بو، لەگەڵ ئەوەش مافەکانی پێشێل ئەکرا، چونکە ژن وەک ئامرازێک ئەبینـرا و زیاتر خرابوە خزمەتی ماڵ و مناڵ نەک وەک مرۆڤێک، بۆیە پێویست بـو کـە بونـی خۆمـان بسـەلمێنین و داوای مافـی خۆمانبکەین. سـەردەمی ئێمە سـەردەمی ژنە ئەنفالکراوەکان بو کـە هیـچ مافێکیان نەبـو، ئەمە هۆکار بـو بۆ ئـەوەی بێمـە ناو حـزب و لەو ڕێگەیەوەخزمەت بە ژنان بکەم.

* بەشـداریکردنی ژنان لە گەرمیان لە ئێسـتا دا چۆنە لە چاو ساڵانی پێشوتر لە هاتنە پێشەوەیان بۆ ناو حزب؟

ژنان هاتونەتە پێشەوە و ڕێژەکە زیادی کـردوە لەچاو سـاڵانی پێشـوتر، بەڵام وەک پێویسـت نیە، چونکە ڕێگرییەکان و کۆسـپەکان کە بۆت دروسـت دەکەن وایکـردوە ژنـان سـاردببنەوە لە هاتنە پێشـەوەیان و نەتوانن بێنە ناو ململانێ سیاسیەکانەوە.

* ئەو ڕێگریانە چین کە باسیان دەکەیت و وایانکردوە ژنان وەک پێویست نەیەنە ناو حزب و سیاسەت لە گەرمیان؟

یەکێـک لە ڕێگرییـەکان کۆمەڵگایە کە هەمیشە ژنانی بەکەم بینیوە، دوەمیش خـودی ژنـان خۆیانن کە هەمیشـە وا خۆیان دەبینـن کە توانای ئەوەیان نیە بکەونە ململانێ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر لەو پۆستانەی کە هەن لەناو حزبەکاندا. دواتر ژنان بە ئاسانتر دەشکێنرێت وەک لە پیـاوان، ئەمە وایکردوە ژنان نەیەنە پێش.

* تـۆ وەک خۆت لەوەتـەی تێکەڵ بە حزب و سیاسەت بویت، لەو ئاستەنگ و گرفتانەت هاتونەتە ڕێگە؟

بەڵـێ بێگومان ئاسـتەنگی زۆر هەبوە، نـەک لە نـاو حـزب، بەڵکو لـە هەمو کایەکانـی تریـش ئاسـتەنگ هەیـە بەتایبـەت بۆ ژنان، چونکە ژنان بە پلە دو بینراون و کەم توانا تەماشـاکراون. دواتر ئەو ململانیانـەش کە هەیە زیاتر متمانەیـان بـە پیاوان هەبـوە وەک لە ژنان، بۆیە دەبێت خۆت بسەلمێنیت کە تـۆش هەیت بۆ ئەوەی ڕێگریت نەکرێت وەک چۆن من هەمیشە کردومە.

* تاچەند لە گەرمیان بوار ڕەخسێنراوە بۆ ژنـان لەلایەن حزبەکانـەوە کە بێنە پێشەوە؟

بـوار ڕەخسـێنراوە بـۆ ژنـان، بـەڵام بەتایبەتـی لەلایـەن حزبەکانـەوە هیچ جێگەیـەک تایبـەت نەکـراوە بـۆ ژنان کەبڵێـت ئەمـە جێگـەی تۆیـە ئەبێت بێیتـە پێشـەوە و خـۆت بسـەپێنیت، ئەگینـا کورسـیەکی تایبەت بە تۆ نیە، ئـەو بوارانە بە دەگمەن هەڵ ئەکەوێت، ئەوەی کراوە ئاسانکاری بوە.

* کەمـی ژنـان و خـۆ کاندیدکردنیان بـۆ پەرلەمان و ئەنجومەنـی پارێزگا لە گەرمیان بۆچی دەگەڕێنیتەوە کە خۆت بەو ئەزمونەیا تێپەڕیوی؟

یەکـەم بۆ ژنـان خۆیـان ئەگەڕێتەوە، لەبەر ئـەوەی ژنان ئەیانەوێ پێی بڵێی فەرمـو ئەمە پـاروی تۆیە و وەرە بیخۆ و هیـچ خۆیـان مانـدو ناکـەن، بـەڵام ئەگەر پێی بڵێ وەرە خۆت بسـەپێنەوە و ململانـێ بکـە سـڵیان کردوەتەوە و نەهاتونەتە پێش، بەشـێکی دیکەشـی پەیوەنـدی بە کلتوری کۆمەڵگەوە هەیە کە ژنـان دیاری ناکـەن و زۆربەی هەر زۆری ژنانـی ئێمـە تاوەکـو ئێسـتاش پاشـکۆی پیاوەکانن و بە ویستی ئەوان بەشـداری هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەبێ ئەوەی بیربکەنەوە کە ژنان پێویستیان بەوەیە کە خودی ژنان خۆیان دەنگیان پێبدەن و وابکەن بچنە پەرلەمان، بۆیە تاوەکو ئێستاش ژنان وایان لێ نەهاتوە کـە بڕوایان بە توانـای ڕەگەزی خۆیان بێت وەک چۆن پیاوان هەیانە.

* ئەم پۆستەی کە ئێستا وەرت گرتوە حزب تۆی داناوە یاخود لەسـەر توانای خۆت بوە؟

هـەردولا هـۆکار بون بۆ ئەوەی ئێسـتا مـن لێرە بـم، یەکـەم توانـای خۆم و خۆسـەپاندنم، دواتر حزبیـش هاوکارم بـو، تەنانـەت لـە دوای ٢٠٠٦ تاوەکـو ئێسـتاش ململانێـی چەندین پۆسـتی دیکەشم کردوە و بەردەوامیش دەبم.

* ئەم پۆسـتەی کە ئێستا وەرتگرتوە هیچکات هەبوە دژایەتی بکرێیت؟

دژایەتی کردن لە هەمو شـوێنێک هەیە تەنانـەت لەنـاو خێزانەکانـی خـودی خۆشـمان، دژایەتی کـراوم، بەڵام هەر بەردەوام بوم و بەردەوامیش دەبم.

# هەندێک لە پیاوان ڕێگە نادەن هاوسەرەکانیان بخوێنن

▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**ڕەنج و ماندوبونی ١٦ ساڵی خوێندنی (پەیمان) بەفیڕۆچو، ئەوەش پاش ئەوەی هاوسەرەکەی ڕێگری لێکرد دابمەزرێت، پاش ئەوەی ناوی وەکو مامۆستا بۆ یەکێک لە لادێکان هاتبووەوە.**

پەیمان، ٢٤ ساڵ، ناوی خوازراوی ژنێکی دانیشتوی کەلارە، پاش تەواوکردنی بەشی کوردی لەزانکۆی گەرمیان لەلایەن هاوسەرەکەیەوە ڕێگری لێدەکرێت دابمەزرێت و کاربکات، ئەویش بەبیانوی ئەوەی «ڕێگاکەی دورە».

ئەم حاڵەتە لەنێو بەشێک لە ژنان دا بونی هەیە کە پاش هاوسەرگیریی کردن، لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە نە دەهێڵرێت خوێندن تەواو بکەن، نە دەشهێڵرێت کە خوێندنیان تەواو کرد دابمەزرێن و کار بکەن، ئەمەش بە بیانو و پاساوی جۆراوجۆر.

شەهێن، ١٨ ساڵ، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «دوای هاوسەرگیریکردنم، لەخوێندن دابڕام، هاوسەرەکەم پێی وتم ژن و ماڵەوەیان وتوە».

ئەو بە خەمباریەکی قوڵەوە باسی لەوەکرد مێردەکەی هەرەشەی لێکردوە کە ئەگەر واز لە خوێندن نەهێنێت، لێی جیادەبێتەوە، بۆیە ئەمیش بەناچاری ملی بە داواکاریەکەی داوە.

بەپێی بەندی یەکەمی مادەی (٢٦) لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، خوێندن یەکێکە لەمافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و پێویستە بەیەکسانی بۆ هەموان فەراهەم بکرێت، بەڵام ئەم مافە لە زۆرێک لە ژنان سەنراوەتەوە.

سێوە، ١٨ ساڵ، باسی لەوەکرد کە لەگەڵ هاوسەرگیریی کردنی دا، هاوسەرەکەی ڕێگەی نەداوە لەخوێندن بەردەوام بێت.

> خێزانەکەم لەخوێندن بێبەش کرد، چونکە مافی منی نەدەدا

بە چاوی پڕ فرمێسکەوە، بۆ (نەوژین) وتی: «ئێمەی ژنان هەمیشە قوربانین».

بەوتەی ئەو ژنانەی دیدارمان لەگەڵکردن، پیاوان کە ڕێگە بە هاوسەرەکانیان نادەن بۆ خوێندن، بەوهۆیەی دەترسن ئافرەت ئابوری سەربەخۆی خۆی هەبێت، بەڵام پیاوان نکۆڵی لەم قسەیە دەکەن.

شکار محەمەد، پیشەی پێشمەرگەیە، هاوسەرەکەی لە بەر خوێندن دەرهێناوە، بۆ (نەوژین) وتی: «خێزانەکەم لەخوێندن بێبەش کرد، چونکە مافی منی نەدەدا».

وتیشی: لەکارەکەم دەگەڕامەوە بەهۆی دەوامەکەیەوە خواردنی ئامادەنەدەکرد.

بەهەمان شێوە، (جوتیار)یش کە فەرمانبەرە، هاوسەرەکەی بێبەشکردوە لەخوێندن. بۆ (نەوژین) وتی: «هاوسەرەکەم منداڵی بو، چیتر نەمهێشت بخوێنێ، بەهۆی زۆربونی ئەرکەکانی کە کەس نەبو منداڵەکە بەخێو بکات».



سەرەڕای ئەوەش، پیاوانی دیکە هەن کە بەلایانەوە ئاساییە هاوسەرەکانیان بخوێنن.

بەناز، ٢٢ ساڵ، خوێندکاری قۆناغی سێیەمی زانکۆیە، باسی لەوەکرد ئەگەرچی هاوسەرگیری کردوە، بەڵام وازی لەخوێندنەکەی نەهێناوە و هاوسەرەکەشی پاڵپشتێتی.

زۆرجار پیاوان لە بێبەشکردنی هاوسەرەکانیان لەخوێندن، پەنا بۆ پاساویی ئاینی و شەریعەت دەبەن، بەڵام شارەزایەکی ئەو بوارە، ئەم پاساوانە ڕەد دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت خوێندن بۆ ژنان گرنگە.

د. محەمەد بازیانی، پسپۆڕ لە لێکۆڵینەوەی ئیسلام دا، بۆ (نەوژین) وتی: «ئیسلام هانی پیاو دەدات هاوسەرەکەشی فێری خوێندن بکات، چونکە ئەگەر هاوسەری خوێندەوار بێت ئەوا خێزانەکەی منداڵەکانیشی باش پەروەردە دەکات».

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، لەمساڵدا (٤٤) کچ کە هاوسەرگیرییان کردوە، وازیان لەخوێندن هێناوە.

توێژەرێکی دەرونی، متمانە نەبون و کەلتوری دینی و پیاوسالاری، بەهۆکاری سەرەکی ئەم حاڵەتە دەزانێت.

کارزان فوئاد، بە (نەوژین)ی وت: بەشێکی زۆر لەپیاوان لەوە دەترسن کەئافرەت بەئابوری سەربەخۆی خۆی بگات، چونکە ڕەمزی پیاو ئەوەیە کە نابێت پارە لەژن وەرگرێت، بەڵکو سەرچاوەی یەکەم و کۆتایی ئابوری ماڵ تەنها پیاو بێت.

وتیشی: «چونەدەرەوەی ئافرەت وادەکات چاوکراوە بێت و زیاتر لەمافەکانی خۆی بگات، ئەمەش کارێکە پیاو نایەوێت».

# ژنان باسکردنی کێشەکانیان دەبەنە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان




▪ نەوژین، نازەنین گۆران

**بەشێک لە ژنان ئەو کێشە کەسیی و خێزانیانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا دەخەنەڕو، بەتایبەت لە گروپەکانی تایبەت بە ژنان، ئەم کارەش بۆچونی جیاوازی دروستکردوە، بەشێک بە کارێکی باشی دەزانن و بەشێکی تر بە خراپ، توێژەرێکیش هۆشداریی دەدات لەوەی دەبێت کەسانی پسپۆڕ چارەسەر بخەنەڕو نەک هەمو کەس.**

لەگەڵ پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، جۆری ئەو چالاکیانەی لەم تۆڕانەدا ئەنجام دەدرێن زیاتر بون، ئێستا گروپە تایبەتیەکانی ژنان کەتیایدا باسوخواسەکانی ژنان دەخرێتە ڕو، برەوێکی زۆریان هەیە. بەشێک لە ژنان لەڕێگەی ئەو گروپە داخراوانەوە، کێشە خێزانیی و کەسییەکانی خۆیان باس دەکەن، بۆ ئەوەی ئەندامانی گروپەکە، هاوکارییان بکەن لە دۆزینەوەی چارەسەر دا.

سارا، ناوی خوازراوی یەکێک لەو ژنانەیە کە لە یەکێک لەو گروپانەدا، کێشەی خۆی و هاوسەرەکەی خستوەتەڕو.

ئەو بۆ (نەوژین) باس لەوە دەکات کە کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەی هەبوە و چەندینجار لەڕێگەی کەسە نزیکەکانی خۆیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی داوە، بەڵام دواجار نەگەشتوە بەهیچ ئەنجامێک، بۆیە بەناچاری هانای بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هێناوە.

وتی: من پاش ئەوەی ڕێگەی ترم نەبو، لەو گروپە کێشەی خۆم بڵاوکردەوە، چونکە بەرای من ئەو گروپانە ئەگەرچی ڕەنگە کوڕیشی تیدابێت، بەڵام بەشێکی زۆری خانمانی تێدایە و زیاترئەوان دەتوانن لەمن تێبگەن».

لەبارەی هەنگاوی وەک ئەوەی (سارا)، ژنان ڕاوبۆچونی دژ و جیاوازیان هەیە.

پرژە شەهاب، ٢٠ ساڵ، پێیوایە «هەرکەسێک تێگەیشتو بێت، کێشەی خۆی لە تورە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوناکاتەوە، هەتا ئەگەر کەسیش نەبێت گوێی بۆ بگرێت».

لەبەرامبەردا کەسانی دیکە ڕایانوایە ژنان بەبێ هۆ پەنا بۆ بڵاوکردنەوەی کێشەکانیان نابەن.

ئەوین عەلی، ٢٢ ساڵ، دەڵێت: «ئەو کەسانە تەنهان و ڕێگەچارەیەک نامێنێتەوە لەپێشیان، یاخود متمانەیان بەکەسانی دەوروبەری خۆیان نیە، بۆیە تورە کۆمەڵایەتیەکان هەڵدەبژێرن».

ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، هەندێکی تر لە ژنان بۆ ئەوەی ناسنامەیان پارێزراو بێت، زۆرجار پەنا دەبەنە بەر ئەکاوەنتی ساختە، کە ئەمەیان تاڕادەیەک کەسەکە لە شەرم و لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی بڵاوکردنەوەی نهێنی ژیانی خۆی، دەپارێزێت.

کچێکی دیکە باس لەوەدەکات کێشەکان چەند گەورە بن، قابیلی ئەوە نین بۆ هەمو کەس و بەو فراوانیە باس بکرێن.

ڕێژین بەهرام، ٢٤ ساڵ، دەڵێت: «کێشە وانەیەکە بۆ مرۆڤ، دەبێت ڕوبەڕوی ببێتەوە و چارەسەری بکات، من ئەگەر ناچاریش بم، هانا بۆ تورەکۆمەڵایەتیەکان نابەم».

بەڵام (سارا) لە ئەزمونی خۆیەوە باس لەوەدەکات، ئەگەر هەنگاوەکەشی زۆر دروست نەبوبێت، بەڵام سودی بۆی هەبوە «ڕەنگە هەندێک کەس پێی باش نەبێت، بەڵام من بە بڵاوکردنەوەی کێشەکەم، سودێکی باشم بینی».

تێبینی ژنان لەسەر بڵاوکردنەوەی کێشە کەسیەکان لەو گروپانەی سۆسیال میدیا دا کە تایبەتن بە ژنان، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دڵنیا نین ئەو گروپانە کەسانێکی وەهای تێدا نییە کە زانیاریەکانیان ببات و زیانیان پێ بگەیەنێت.

لەمبارەوە، (باخان سەعید) و (زارا قادر) کە ئەدمینی گروپێکی داخراوی ژنانن لە فەیسبوک، بۆ (نەوژین) وتیان: ئێمە ناتوانین گرەنتی ئەوە بکەین کە گروپەکەمان هەموی جێگەی متمانەیە و تەنها ڕەگەزی مێینەی تێدایە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەگەر هەر کەسێکی گوماناوی ببینین و گومانی لێ بکەین، دەستبەجێ بلۆکی دەکەین.

باخان، ئاشکراشی کرد کە لە ڕێگەی گروپەکەیانەوە، کێشەی زۆر ژن چارەسەر کراوە «لەڕێگەی گروپی ئێمەوە چەندین چارەسەر بۆ کێشەکان دۆزراونەتەوە، تەنانەت خۆمان دوای باسکردنی کێشەکە لەپەیوەندی دەبین لەگەڵیان بۆ ئەوەی بزانین چارەسەر بوە یا خود نا».

ئەم کارە ئەگەرچی خەمخۆریی و دڵسۆزیش بێت، بەڵام بەرای توێژەرێک، کارێکی نازانستی و نادروستە.

عەباس مەحمود، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) وتی: پرسوڕا کارێکی گرنگە، بەڵام دەبێت ئەو پرسوڕایە بە کەسانی شارەزا بکرێت، نەک هەمو کەسێک قسە لەکێشەیەکدا بکات کە هیچ شارەزایی و ئاگاییەکی لەبارەیەوە نییە.

ئاماژەی بەوەشدا کە ڕویداوە ئەو گروپانە لەلایەن کەسانی دیکەوە بەتایبەت لە ڕەگەزی بەرامبەر، بەکارهێنراوە بۆ ئیستغلالکردنی ژنان، لەم ڕوەشەوە هۆشداری دا.

«دەبێت خوێندکار بڕوانامەکەی بخاتە ئیشەوە»

# کچانی دەرچو نیگەرانن: بڕوانامە کاری بۆ پەیدا نەکردین

■ نەوژین، ئاسیا حسێن

**دوای ١٦ ساڵ خوێندن و تاقیکردنەوە و هاتوچۆی قوتابخانە و پاشان زانکۆ، (ساکار) ئێستا لەماڵەوە دانیشتوە و بڕوانامەکەی زانکۆی لەدو توێی کتێبخانەکەیدا حەشارداوە. ئەو و سەدان کچی تر، کە لە دامەزراندن لە ئیشێکی گونجاو بێ ئومێدن، بەناچاری لەماڵەوە بێکار دانیشتون.**



ئەو واقیعە تاریک و شۆکهێنەرەی کە بەشێکی زۆر لە کچان پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگا روبەڕوی دەبنەوە، ئەوەیە: ئێستا چی؟!

ئەوان باس لەوەدەکەن ڕەشبینی و خەمێکی قوڵ دایاندەگرێت، کاتێک ئەو هەمو ساڵە لە خوێندن و کۆشش، کار و وەزیفەیەکیان بۆ فەراهەم ناکات.

ساکار جەمال، ٢٣ساڵ، دەرچوی بەشی زمانی ئینگلیزی، بۆ (نەوژین) باس لەوەدەکات کە حەزی لە کارێکە کە پڕبەپێستی بڕوانامە و پسپۆڕێتیەکەی بێت، بەڵام نایشارێتەوە کە لەدۆزینەوەی ئەو کارە بێ ئومێدە.

بە خەمگینیەوە وتی: «ئێستاش دوای ئەو هەمو خوێندنە بۆخۆم لەماڵەوە دانیشتوم و کارەکانی ماڵەوە رادەپەڕێنم».

بەپێچەوانەی (ساکار)، (لانە حەسەن)ی ٢٤ ساڵە، دوابەدوای تەواوکردنی خوێندن، زۆر سەنتەر و دامەزراوە دەگەڕێت بۆئەوەی بە بێکاریی نەمێنێتەوە.

وتی: «من زۆر گەڕام، تەنانەت چەندین کۆرسی زمانی ئینگلیزیم بینی تاوەکو بتوانم بە ئینگلیزیش وانە بڵێمەوە و بێکار نەبم».

ئەو بە دڵخۆشیەکەوە ئەوەی راگەیاند کە ئێستا لە ئاستی بڕوانامەکەی خۆیدا مامۆستای بیرکارییە و پیشەکەی زۆر خۆشدەوێت.

دوابەدوای تەواوکردنی خوێندن و روبەڕوبونەوەی ئەو راستییەی کە دامەزراندنی حکومی بونی نییە، بەشێکی زۆری کچانی گەرمیان خۆیان بەدوای هەلی کاردا دەگەڕێن. ئەوان بەپێی بڕوانامەکانیان لە سەنتەر و قوتابخانە ئەهلییەکاندا سەرقاڵ دەبن، یاخود لە مۆڵ و فرۆشگا و کارگەکاندا کاردەکەن.

مەهتاب عەبدوڵڵا، ٢٤ ساڵ، دوابەدوای تەواوکردنی خوێندن، چەندین ئەزمونی کاری خۆبەخشی هەیە. ئەو ئەگەرچی بەشی (پەرستاری) تەواوکردوە، بەڵام لەزۆر بواری دیکەدا کاری کردوە و ئێستا لە بواری درومان و دیزاین دا کاردەکات.

بۆ (نەوژین) دەڵێت: «من چاوەڕێی دامەزراندن نیم و پێویستی زۆریشم پێی نییە، چونکە لە دوکانی جل دورینی خۆمدا سەرقاڵم و لە بواری پەرستاریشدا ئیش دەکەم».

ئەگەر کچان چاوەڕێ بن لەوەی بڕوانامەکانیان کاریان بۆ پەیدا بکات، ئەوا مامۆستایەکی زانکۆ پێی وایە پێچەوانەکەی راستە.

ئەڤین هیدایەت، مامۆستای زانکۆ، پێیوایە دەبێت کچان خۆیان بەدوای ئیشدا بگەڕێن و متمانەیان بەو زانیارییە هەبێت کە لەماوەی خوێندندا دەستیان کەوتوە.

بۆ (نەوژین) وتی: «بڕوانامە خوێندکار ناخاتە ئیشەوە، بەڵکو دەبێت خوێندکار بڕوانامەکەی بخاتە ئیشەوە».

ئاماژەی بەوەشدا «کچان خاوەن هەمان شەهادەن، کەچی هەندێکیان خاوەن پیشە و تەنانەت پرۆژەی بچوک و گەورەن، لەکاتێکدا هەندێکی تریان متمانەیان بە زانیارییەکانی خۆیان نییە و لەماڵەوە دادەنیشن».

بەڵام ئەم بەهرە و توانای بەدوای ئیش گەڕانەدا، لە هەمو کچێکدا بەدی ناکرێت و هەندێکیان هیچ سودێکیان لە بڕوانامە و خوێندنەکەیان نەبینیوە، هەندێکی تریشیان بەهۆی بارودۆخ و سەرقاڵی ژیانەوە، بۆیان نەگونجاوە لەدەرەوە کار بکەن.

هەروەک (میدیا محەمەد)ی ٢٢ ساڵە، دوای تەواوکردنی خوێندن بەدوای کاردا ناگەڕێت و بڕیاری داوە مناڵەکەی گەورە و بەخێو بکات.

وتی: «من خۆم بەدوای کاردا ناگەڕێم و دەمەوێت لە دو سێ ساڵی داهاتودا و دوابەدوای گەورەبونی مناڵەکەم، ئەو کات بیر لە کارکردن بکەمەوە».

> بڕوانامە خوێندکار ناخاتە ئیشەوە

# ژنێک لە پیشەیەکی جیاواز دا

■ نەوژین، چرۆ حەسەن

**هەمو رۆژێک (لەیلا) بە گەڕەک و کۆڵانەکاندا دەگەڕێت، سەودا و مامەڵەی کەرەستە و کاڵا و شمەکی بەکارهاتو لە ماڵەکاندا دەکات و لێیان دەکڕێت، پاشان ئەویش بەکەسانی دیکە و فرۆشگاکانی دیکەی دەفرۆشێتەوە.**



ئەگەر هەندێک ئیش و کار هەبن کە ئەنجامدانیان بۆ ژنان لە کۆمەڵگەی گەرمیان دا ناسراو و ئاسایی بێت، ئەوا هەندێک کاری دیکە هەن کە بەوشێوەیە ناسراو نین ژنان ئەنجامیان بدات، لەوانەش کڕین و فرۆشتنی کاڵای دەستی دو. بەڵام (لەیلا) ئەو بۆچون و تێڕوانینەی رەد کردوەتەوە و سەرکەوتوانە لەو بوارەدا کاردەکات.

لەیلا جاسم محەمەد، ژنێکی تەمەن ٦٣ ساڵەی دانیشتوی ناحیەی رزگاری سەر بە کەلارە، ئەو رۆژانە کەرەستە و کاڵای بەکارهاتو لە خەڵکی دەکڕێت و دوای کۆکردنەوەی لە ژورێکی خانوەکەی دا، دواتر دەیفرۆشێتەوە.

وەک هەمو کارکردنێکی تری ژنانی بەتەمەن، چیرۆکی (لەیلا)ش پڕە لە ناخۆشی و ئازار. ئەو بەهۆی کەمدەستییەوە، بڕیاری داوە رو لەم بوار و پیشەیە بکات، خۆیشی بەخۆشحاڵ دەزانێت کە توانیویەتی تیایدا سەرکەوتو بێت و بژێویەک بۆ خێزانەکەی بدۆزێتەوە.

لەیلا، کە دایکی (١٢) مناڵە، لەبارەی سەرەتای دەستکردن بەم پیشەیە، ئاماژەی بەوەکرد کە پاش ئەوەی سەرچاوەیەکی ئەوتۆی بژێویی نەبوە و هاوسەرەکەشی ژنێکی دیکەی هێناوە، بۆیە بڕیاری داوە ئەم کارە بکات.

> پەیدا کردنی پارە لەم رۆژەدا زۆر زەحمەتە

وتی: «دوای بیرکردنەوە لەکارێک، بڕیارم دا و دەستم کرد بەکاری کڕین و فرۆشتنی شتومەکی دەستی دو، رۆژانە لەکۆڵان و ماڵەکاندا بەدوای شت کڕین دا وێڵم و کەرەستەی دەستی دو و بەکارهاتو بە نرخێکی گونجاو دەکڕم، دوای ئەوەش دەیبەمەوە بۆ ماڵەوە و پاشان منیش بە کڕیارەکانی دەفرۆشمەوە».

ئەو لەسەرەتادا کارەکەی بە بچوکی دەستپێکردوە و پاشان پەرەی پێداوە و ئێستاش یەکێک لە ژورەکانی خانوەکەی تایبەت کردوە بەو کەرەستانەی کە دەیانکڕێتەوە لە ماڵان، پاشان کەرەستەکان لەوێ پیشانی موشتەریەکانی دەدات و بە بڕێک قازانج دەیانفرۆشێتەوە.

وەک (لەیلا) ئاماژەی بۆ دەکات، ئەم کارە زۆر ماندوکەر و قورسە، بەڵام ئەو دڵخۆشە بەوەی لەرێگەیەوە بژێویی خێزانەکەی دابین دەکات.

وتی: «من ناتوانم بڵێم کە ئەم کارە ئاسان و خۆشە، چونکە بەڕاستی ماندوبونی زۆری تێدایە، بەڵام من ناچارم ئەم کارە بکەم، چونکە بژێوی ژیانمانی لەسەرە».

ئەو کارەی (لەیلا) دەیکات، بەلای خەڵکیەوە کارێکی «نێرانەیە» و رانەهاتون ژنێک کاری کڕین و فرۆشتنی شتومەکی دەستی دو ئەنجام بدات، بەڵام وردە وردە رای خەڵکی لەوبارەوە گۆڕاوە و ئێستا خۆیان ئەگەر کەرەستەیەکی بەکارنەهاتو یان زیادەیان بێت و بیانەوێت بیفرۆشن، رو لەو دەنێن.

دراوسێیەکی (لەیلا)، لەوبارەوە دەڵێت: «دادە (لەیلا) کەسێکی لەسەرخۆ و بێدەنگە و ژنێکی بەتوانایە و مامەڵەکردن لەگەڵی دا خۆشە، ئێمەش پێمانخۆشە کە کەسی وا دەناسین و ئەگەر شتومەکی زیادەشمان بو بە کەسێکی وای بفرۆشین».

(لەیلا) لەنێو ئەو ژورەی تایبەتی کردبو بە کەرەستە کڕاوەکانی، خەریکی رێکخستنی شمەکەکان بو، بە دەنگێک کە خەمخۆریی تێدادەخوێنرایەوە، وتی: «تاکە داواکاریم لەژنان ئەوەیە کەبە بەردەوامی ئاگاداری خەرجی رۆژانەیان بن، چونکە پەیدا کردنی پارە لەم رۆژەدا زۆر زەحمەتە».

# UN خەڵاتی دو چالاکوانی گەرمیان دەکات





■ نەوژین

**(ڤیان) و (ژیان)، دو چالاکوانی بواری ژنانن لە گەرمیان، بەتایبەتی لە بواری خزمەتکردن بە ژنانی ئاوارەی سنورەکەدا کاردەکەن، لەلایەن ئاژانسێکی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکانەوە، لەگەڵ (١٣) چالاکوانی دیکەدا خەڵات دەکرێن.**

ڕێکخراوێکی سەربە نەتەوەیەکگرتوەکان، لە ڕۆژی جیهانی ژنان دا خەڵاتی (١٥) ژن و پیاوی چالاک لە بواری مافەکانی ژنان و یەکسانی دا دەکات، لەنێویاندا (٢) چالاکوانی گەرمیان هەیە.
بەبۆنەی بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی ژنان (٨ی مارس)، ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت CDO بەهەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی سندوقی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) ، لە شاری سلێمانی خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە ژمارەیەک لەئەندامانی گروپی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، لەنێوانیشیاندا دو چالاکوانی گەرمیان هەیە، کە ئەوانیش: (ڤیان سابر ئەمین) و (ژیان عەدنان محەمەد) بون.
لەو بارەیەشەوە (ڤیان سابر)، بۆ (نەوژین) وتی: «وەرگرتنی خەڵاتێکی لەوشێوەیە مایەی شانازییە، هاوکات جێگای دڵخۆشیشە کە لەماوەی چەندین ساڵی کارکردندا ڕێز لەماندوبونمان گیرا».
بەهەمانشێوە، (ژیان عەدنان)یش خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو خەڵاتی دەردەبڕێت «سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە منیان هەڵبژارد وەک چالاکوانێکی بواری ژنان کە کارم کردوە بۆ ماوەی چەند ساڵێک، وەرگرتنی ئەم خەڵاتەش وام لێدەکات زیاتر جدی بم لە کارەکانم و باشتر کار بکەم و خزمەت بە ئافرەتان بکەم».
ئەو دو چالاکوانە، هەریەکەیان لە ڕێکخراوێکی جیاواز دا کاردەکەن، (ڤیان) لە ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان (PDO) بەرپرسی نوسینگەی گەرمیانە و (ژیان)یش لە ڕێکخراوی فریاکەوتنی میلی (PAO) توێژەری کۆمەڵایەتی و دەرونییە لە گەرمیان.
لەوبارەوە (ڤیان) وتی: «خەڵاتەکە تەنها تایبەت نییە بە بەندە، بەڵکو بۆ سەرجەمی ستاف و کادیرانی ڕێکخراوەکەمانە کەتوانیومانە وەکو تیمێکی بەهێز کاری هاوبەش وپێکەوەیی بکەین بەئاراستەی چەسپاندنی مافەکانی ژنان و بەهاناوەچونی ژنانی قوربانی لەناوچەکەدا».
لەو مەراسیمەدا ١٥ چالاکوانی ڕێکخراوەیی لەهەردو ڕەگەز خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێبەخشرا، لەبەرامبەر ڕۆڵ وبەشدارییان لەبرەودان بە مافەکانی ژنان و داکۆکی کردن لەو ڕەگەزە و خزمەتەکانیان بە پرسە جێندەرییەکان.
ژیان، ئاماژە بەوەدەکات ماوەی ٣ ساڵە لە ڕێکخراوەکەی دا کاردەکات وەکو توێژەرێک کە پاڵپشتی دەرونی ئافرەتان دەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی زیاتری ئافرەتان و گەڕاندنەوەی مافەکانیان. باس لەوەشدەکات ئەو چالاکیانەی هەیبوە لەو بوارەدا و ئەو خزمەتەی بە کۆمەڵگا کردویەتی، وایان کردوە لە ڕێکخەرانی مەراسیمەکە خەڵاتەکەی پێببەخشن.
وتیشی: بێگومان وەرگرتنی ئەو خەڵاتە هەستێکی زۆر خۆشی پێبەخشیم، دڵخۆشیەکەم بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە بوارێک دا خەڵات کرام کە خۆم ئارەزوم هەبوە کاری تێدا بکەم و خزمەت بکەم.
(ڤیان سابر)یش کە ماوەی نزیکەی (١٠) ساڵە لە بواری ژنان و بەهاناوەچونی کەسانی لێقەوماو کاردەکات، پێیوایە ئەو خەڵاتە هاندەرێکی باش دەبێت بۆ بەردەوام بون و برەودانی زیاتر بە کارەکانیان.
وتیشی: لەکارکردنم دا لەو بوارە چاوەڕێی خەڵات و دەستخۆشیی نەبوم، چونکە ئەم بوارە بە نیسبەت منەوە باوەڕە نەک پیشە و کار، لەگەڵ ئەوەشدا پێدانی خەڵاتێکی لەو شێوەیە چەندێک مایەی دڵخۆشیە، ئەوەندەش ئەرکمان گران دەکات، بۆ ئەوەی زیاتر تێبکۆشین لەپێناو چەسپاندنی مافەکانی ژنان دا.

---

# خوێندکارێکی (بایەلۆژی) دەبێتە پاڵەوانی خولێکی وەرزشیی



ئەم پاڵەوانێتیە دەرفەت بوە بۆ دەرخستنی بەهرە وەرزشیەکان

■ نەوژین، هاوژین مەهدی

**ئەگەرچی وەرزشکار نییە و خوێندکاری بەشی وەزشیش نییە، بەڵام (نیگار) توانی ببێتە پاڵەوانی ئەو پاڵەوانێتیەی کە لەزانکۆی گەرمیان بۆ یاری تۆپی سەر مێز ئەنجام درا.**

زانکۆی گەرمیان مانگی ڕابردو کۆتایی بە پاڵەوانێتییەکی وەرزشیی هێنا بۆ یاری تۆپی سەرمێز کە بۆ خوێندکارانی ڕێکی خستبو بۆ هەردو بەشی کچان و کوڕان، تیایدا ١١٤ خوێندکار لەهەردو ڕەگەز بەشدارییان تێداکرد، کە ٢٤ لەو بەشدارانە کچ بون.
پاش تەواوبونی کێبڕکێکانیش، خوێندکار: (نیگار محەمەد)، توانی پلەی یەکەمی بەشی کچانی پاڵەوانێتیەکە بەدەست بێنێت. ئەوەی بوە مایەی تێبینی ئەوەبو، کە ئەو کچە خوێندکاری بەشی وەرزش نییە، بەڵکو لە بەشی (بایەلۆژی) دەخوێنێت، بەڵام چیرۆکی ئەم کچە و یاریی، سەربوردەیەکی درێژی هەیە.
لە دیدارێکی (نەوژین) دا، (نیگار محەمەد) ئاماژەی بەوەکرد هەر لە منالیەوە لەگەڵ وەرزش دا گەورە بوە، لەماڵەوە لەگەڵ براکانی وەرزشی کردوە و لە خوێندنگاش دا لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکانی.
نیگار، درێژە بە چیرۆکەکە دەدات و دەڵێت: لە ناوەندیی دا لە پاڵەوانیەتیەک دا کە لەدەرەوەی شار ڕێکخرابو، زۆر حەزم ئەکرد بەشدار بم، بەڵام ماڵەوە ڕێگەیان نەدا، دوبارە لە ئامادەیی هەوڵمدا ڕازیان بکەم بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیەکی دیکە، بەڵام ئەمجارەشیان ڕازیی نەبون، بۆیە بە تەواوی دەستم لە خەونەکەم هەڵگرت.
پاش ئەوەی هەستی بەوەکردوە دەرفەتی ئەوەی نابێت لە بواری وەرزش دا پەرە بەتواناکانی بدات، کاتی خۆی زیاتر بۆ خوێندن تەرخان دەکات و سەرەنجام لە بەشی بایەلۆژی لە زانکۆی گەرمیان وەردەگیرێت.
بەڵام کاتێک دەبیستێت پاڵەوانێتیەکی یاری تۆپی سەرمێز لە زانکۆ دا دەکرێتەوە، جارێکی تر خولیای بۆ وەرزش نوێدەبێتەوە و بڕیار دەدات بەشداریی بکات.
ئەو ئەگەرچی خوێندکاری بەشی وەرزش نییە، بەڵام زیاتر لە هەر بەشداربویەک، بەهرە وەرزشیەکانی خۆی بەیان کردوە، تا توانیویەتی لە کۆتایی دا ببێتە پاڵەوانی پاڵەوانێتیەکە.
یاری تۆپی سەرمێز کە بە تێنسی سەرمێزیش ناودەبرێت، پێکدێت لە دو جۆر یاری تاکەکەسی و یاری دو بەدو.
لەو پاڵەوانێتیەی لە زانکۆی گەرمیان ڕێکخرابو، کێبڕکێکان لە جۆری یاری تاکە کەسی بون.
یەکێک لە ڕێکخەرانی پاڵەوانێتیەکە، خۆشحاڵی خۆی بە بەشداری کارای خوێندکاران دەردەبڕێت.
م. ئیبراهیم غەیدان، هەروەها لەبارەی دودڵی و کەمی بەشداریی کچان لەم جۆرە پاڵەوانێتیی و خولانە بەهۆی شەرمکردنەوە، وتی: «ئێمە وەکو بەشی وەرزش زۆر ڕۆڵمان داوە بە خوێندکاران بۆ ئەوەی شەرمیان بشکێت و بەشداریی بکەن، بەڵام ئەوەش دەکەوێتە سەر خوێندکاران خۆیان کە شەرم دەکەن».
ئەگەر کچانێک هەبن تائێستا شەرم بکەن لە پیشاندانی بەهرە هونەریەکانیان و بەشداریی چالاکی لەمشێوەیە نەکەن، ئەوا بۆ کەسانی تری وەکو (نیگار)، ئەم پاڵەوانێتیە دەرفەت بوە بۆ سەرلەنوێ تێهەڵچونەوە بە خولیا و بەهرە وەرزشیەکان.

# «خەمی ئێمە و چاوی ئێوە»







■ نەوژین

**(٩) کچ لە ڕێگەی (١٩) تابلۆوە، بەشێک لەو خەم و ستەم و ئازارانە پیشان بە بینەران دەدەن، کە ژنان لە کۆمەڵگە دا ڕوبەڕوی دەبنەوە، ئەوان دەڵێن: خەمەکانمان ببینن.**

لە پێشوازی ڕۆژی جیهانی ژنان دا، ڕۆژنامەی (نەوژین) و (گروپی کچانی فۆتۆگرافەری گەرمیان)، پێشانگایەکی هاوبەشی فۆتۆگرافییان کردەوە.

پێشانگاکە لە بەرواری ٢٠١٩/٣/٧ لە هۆڵی سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار بەڕێوەچو، ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیان ئامادەی کردنەوە و بینینی بون.

لەو پێشانگایەدا کچانی فۆتۆگرافەر بە پشت بەستن بە هەندێک تەکنیکی کاری فۆتۆگرافی و مۆنتاژی وێنەیی، هەستاون بە بەرجەستەکردنی بەشێک لەو ئازارانەی کە ژنان لە کۆمەڵگادا ڕوبەڕوی دەبنەوە.

کارەکانی ئەو کچە فۆتۆگرافەرانە، هەندێکی وێنەی واقیعی بون، بەشی زۆریشی وێنەی فۆتۆیی نواندن بون، کە بۆ پیشاندانی پەیامێکی دیارییکراو، پەنای بۆ برابو، بەگشتیش ڕەنگی ڕەش و سپی بەسەر فۆتۆکاندا زاڵ بو، وەک بیانەوێت لەڕێگەی ئەم ڕەنگەوە پەیامێک بە گوێ و چاوی خەڵکی بگەیەنن، کە پەیامەکەش ڕونە و دەرخەری ئەو دونیا خۆڵەمێشییە کە زۆرێک لە ژنان تیایدان.

لەبارەی کارەکەیانەوە، ئاسیا حسێن، سەرپەرشتیاری گروپی کچانی فۆتۆگرافەری گەرمیان، ئاماژەی بەوەدا لەوەتەی گروپەکەیان دامەزراوە، بیرۆکەی ئەم پێشانگایە لە بیری هەمو ئەندامەکاندا دێت و دەچێت و بەردەوام لەیەکتری دەپرسن چۆن و لەکوێوە دەست پێ بکەن؟

وتیشی: تا سەرەنجا لە پێشوازی هەشتی مارسی ئەمساڵدا، هێنامانە سەر ئەرزی واقیع. پێشانگای خەمی ئێمە و چاوی ئێوە پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بو کە (خەم، بێزاریی، تەنیایی و بێئومێدیی) ژنانی لە (١٩) فۆتۆی هونەرییدا نمایشکرد.

پێشانگاکە سێیەمین پێشانگای گروپی کچانی فۆتۆگرافەری گەرمیانە، کە پێشانگای (مناڵ بە وێنە) و (پایزی تەمەن)، دو پێشانگای پێشوتری گروپەکە بون.

بە ڕای (ئاسیا)، فۆتۆکان بەتایبەت وەستانە لەسەر کۆژان و موعاناتی ژنان «ئامانجی ئەم پێشانگایە پیشاندانی بەشێکی ژیانی ژنانە کە ئێمە لێی بێخەبەرین، تێی ناگەین و نابیینین، چونکە ژنان خەمەکانیان لەژێر پێکەنینەکانیاندا شاردوتەوە و نایدرکێنن، لەڕێگەی فۆتۆکانەوە سەرنجی بینەرمان بۆ ئەو دڵتەنگیی و تەنیاییانە ڕاکێشا کە ژنان لەتەنیاییدا، و بۆ ژورە تاریکەکەیان نابێت، بۆ کەسی تری نادرکێنن».

لەگەڵ ئەوەشدا پێشانگاکە دەرفەتێک بوە بۆ ئەوەی کچانی فۆتۆگرافەر لە نزیکەوە گوێبیستی ئەو تێبینی و ڕەخنانە بن کەلەبارەی کارەکەیانەوە هەیە.

> ئامانجمان پیشاندانی ئەو ژیانەی ژنانە کە لێی بێخەبەرین

> بینەر کارەکانی بەلاوە تازە و جوان بون

ئاسیا حسێن، لەوبارەوە وتی: دەبێت دان بەوەدا بنێم کە گروپەکە لەڕوی فۆتۆگرافیەوە سەرەتاییە و هێشتاش ماویەتی قۆناغەکانی ئەو هونەرە بەتەواوەتی کۆنترۆڵ بکات، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی نەبونی کامێرەیەکی گونجاو و پێداویستی فۆتۆگرافی بەڕادەی پێویست، ئاساییە کە هەندێک ڕەخنە و پێشنیاری هونەری ڕوبەڕوی فۆتۆکانمان بونەوە و ئێمەش بەڵێنی ڕەچاوکردنیانمان دا لە کار و چالاکی داهاتودا.

وتیشی: «بەڵام بە گشتی بینەر کارەکانی بەلاوە تازە و جوان بون و سەرنجەکانیان دڵخۆشکەر و ئومێدبەخش بون بۆ گروپ».

# کچان توانا ئەدەبیەکانیان لە (ڤیستیڤاڵی ئاران)دا دەردەخەن



■ نەوژین، هاوژین مەهدی

**کچانی خوێندکار زۆرینەی بەشدارانی ڤیستیڤاڵێکی ئەدەبی لە زانکۆی گەرمیان پێکدێنن، هەروەک بەشێکی بەرچاوی براوەکانی ڤیستیڤاڵەکەش بون، ئاماژە بەوەشدەکەن چالاکی لەمشێوەیە هانیان دەدات بۆ پەرەدانی زیاتر بە توانا ئەدەبیەکانیان.**

سێ ساڵە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی گەرمیان، ڤیستیڤاڵێکی ئەدەبی بەناوی (ئاران)ەوە ڕێکدەخات، کە کچان و کوڕانی خوێندکار بە دەقە ئەدەبیەکانیان لە ژانرەکانی شیعر و چیرۆک، بەشداریی تێدا دەکەن.

لە وەرزی سێیەمی ڤیستیڤاڵەکەدا کە مانگی ڕابردو بەڕێوەچو، لە کۆی (٣٦) خوێندکاری بەشداربو، (٢٤)یان لە ڕەگەزی مێ و (١٢) خوێندکاریش لە ڕەگەزی نێر بون.

کچانی بەشداربوی ئەم وەرزەی ڤیستیڤاڵەکە، ئاماژە بەوەدەکەن کە تەوەری تێکستەکانیان، باس کردن بوە لەو دابونەریت و خوڕەوشتە کۆمەڵایەتیانەی لەکۆمەڵگەدا بونیان هەیە.

زریان بورهان، خوێندکاری قۆناغی دوەم لە بەشی باخچەی ساوایان، باس لە بەشداربونی لەم ڤیستیڤاڵە دەکات و دەڵێت: «بە چیرۆک بەشداریم کردوە و یەکەم جارمە چیرۆک بنوسم، چیرۆکەکەم باس لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی دەکات کە بەهۆی دوژمنداریەوە کچ و کوڕ دەکەنە قوربانی، ئەم چیرۆکەش ڕوداوێکی ڕاستەقینەوە بوە».

بەپێچەوانەی (زریان)ەوە، هەندێکی تر لە خوێندکاران، یەکەمجاریان نیە بەشداری لە ڤیستیڤاڵەکەدا دەکەن.

هاوناز جەلال، خوێندکاری قۆناغی چواری بەشی کوردی، بەشدارێکی دیکەیە کە توانیویەتی خەڵاتی یەکەمی چیرۆکی ڤیستیڤاڵەکە بەدەستبێنێت.

باس لەوەدەکات ساڵی پار بە شیعر بەشداریی کردبو و هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوە، بەڵام ئەمساڵ باشتر خۆی ئامادەکردوە و بە چیرۆک بەشداریی کردوە، توانیویەتی پلەی یەکەم بەدەستبێنێت.

چیرۆکەکەشی باس لە کچێک دەکات کە بەزۆر و ناچاریی بەشو دەدرێت.

بەشداربوان ئەم جۆرە ڤیستیڤاڵانە بە گرنگ دادەنێن و دەڵێن وایان لێدەکات هەوڵی زیاتر بدەن.

هاوناز، دەڵێت: «ئەم ڤیستیڤاڵانە بڕوابونت لا دروست دەکات و هەستدەکەیت تۆ شتێکت کردوە و واتلێدەکات هەنگاوی باشتر بنێیت».

(زریان)یش دێتەپاڵ بۆچونەکەی (هاوناز) و ئەم ڤیستیڤاڵانە بە «دەرخەری تواناکانیان» ناودەبات.

هەندێک لە خوێندکاران پاڵپشتی مامۆستاکانیان بە هۆکاری بەشداریی و سەرکەوتنیان لە ڤیستیڤاڵەکە دا دەزانن.

ژیوار ئیبراهیم، خوێندکاری قۆناغی دوەمی بەشی باخچەی ساوایان، خەڵاتی سێیەمی ڤیستیڤاڵەکەی لە بواری چیرۆک دا وەرگرتوە.

دەڵێت: پێشتریش خۆم شیعر و چیرۆک و پەخشانم دەنوسی، بەڵام بەهۆی هاندانی مامۆستاکانمەوە کە نوسینەکانمیان بینیبو، بونە پاڵپشت بۆ بەشداری کردنم.

وادیارە مامۆستایانیش ئاگاداری ئەوەن کە پێویستیان بە چالاکی هاوشێوە هەیە بۆ ئەوەی توانا ئەدەبیەکانی خوێندکارەکانیان بدۆزنەوە و پەرە پێبدەن.

مەریوان حەمەکەریم، مامۆستا لەبەشی زمانی کوردی زانکۆی گەرمیان و ڕێکخەری فستیڤاڵەکە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «هەستمان بە کەلێنی کەم بایەخدان بە بەهرە و توانای ئەدەبیی خوێندکاران کردوە، بۆیە هەستاوین بە ئەنجامدانی ئەم ڤیستیڤاڵە».

ئاماژەی بەوەشدا لەچاو دو ساڵی پێشودا ڕێژەی بەشداربوان زۆر زیاتر بوە و ٢١ دەقی شیعری و ١٨ چیرۆک بەشدار بون، لەم نێوەندەشدا بەشداریی کچان، بەرچاوانەتر زیادی کردوە.

ئەو قسانەی کە مامۆستاکەی زانکۆی گەرمیان خستیەڕو، خوێندکارانیش جەختی لێدەکەنەوە.

ئاڤان حەسەن، خوێندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی کوردی، یەکێکی ترە لە بەشدارەکانی ڤیستیڤاڵەکە، دەڵێت: «ئەو ڤیستیڤاڵە ئەوەی بۆ دەرخسم توانای چیرۆک نوسینم هەیە».

# خۆسوتاندن... چارەسەر یان ماڵوێرانی؟

## دو ژن سەربوردەی خۆسوتاندنیان دەگێڕنەوە

■ نەوژین، لەیلا ئەحمەد*

**لەپشت هەر حاڵەتێکی خۆسوتاندنی ژنانەوە، زیاتر لە چیرۆک و ئازار و کۆژانێک هەیە. ئەو ژنانەی بەهۆی کێشە و تێنەگەیشتنەوە پەنایان بۆ ئەم حاڵەتە بردوە، باس لەوە دەکەن کە خۆسوتاندنەکەیان دەرەنجامی پەنگخواردنەوەی خەمەکانیان بوە، بەڵام سەرباری ئەوەش زیانی زۆری لێداون و پەشیمانن لەوکارەیان.**

لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا، (٢) ژن کە پەنایان بۆ خوستاندن بردوە، باس لە چیرۆکی خۆیان دەکەن، هاوکات کەسانی دیکەی شارەزا و پەیوندیداریش، شرۆڤە بۆ حاڵەتەکە دەکەن

### دەرەئەنجامی هاوسەرگیرییەکی شکستخواردو

سەمیرە، لەتەمەنی ١٥ ساڵی لەئامۆزاکەی مارە دەکرێت، هەر لەو کاتەوە دەرگای نەهامەتیەکانی ژیانی والابوە، ماڵەباوانی پێیان وتوە بەرگەی کێشەو قسەی نەشیاوی دەزگیرانەکەت بگرە تادەتگوازێتەوە بائابڕومان نەچێت، بەڵام ئەم بەرگە گرتنەی (سەمیرە) هەر درێژەی کێشاوە.

سەمیرە گێرایەوە دەستبەرداری خوێندنبوم , کونجی دیواری ماڵەکەمان بوە زیندانی ساردو باری دەرونیم تێکچبو، نەمدەزانی گوێ لەخێزانەکەم بگرم یان مێرد و ماڵەباوانی , دەزگیرانەکەم دەیوت هەرگیزتۆم ناوێ و گەر بتگواسمەوە ژنی دوەم دەهێنم لەبەر خزمایەتی و باوکم نەبێ منی رازیکردوە هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم، گەرنا تۆم خۆشناوێ.

باسیلەوە کرد دوو ساڵ بەم ململانێی و کێشانەی نێوانیان بەردەوام بون، تا دەگات بە رۆژێک کە هەمو شتێک تیایدا دەگۆرێت.

«بەیانیانێک لەخەو هەستام باوکم و دایکم قسەی زۆریان پێکردم، وتیان بۆ ناتوانی خۆت بگونجێنی و نێوانی باوکت و مامت تێک دەدەیت، منیش قسەی زۆرم کرد و بێتاوانیم سەلماند، بەڵام بێ سودبو و بڕوایان نەکرد , تورەبوم و قوتوێک نەوتم بەخۆمدا کردو ئاگرم لەخۆم بەردا، خراپ سوتام تاخێزانەکەم و دراوسێکان فریام کەوتن لەشم هەموی سوتا». (سەمیرە) وایوت.

ئەو ژنە باس لەوەدەکات کە خێزانەکەی هەرەشەیان لێکردوە کە نەڵێت خۆی سوتاندوە، بەڵکو بڵێت غازی پێدا تەقیوەتەوە.

وتیشی: ماوەی ساڵێک زیاتر لەسەر جێگابوم، نەخۆشخانەی بەغداد و سلێمانی نەما بۆ چارەسەر نەچم، رەوشم باشتر بو، دواتر لە هاوسەرەکەم جیا بومەوە.

وتیشی: «کاتێک سەیری ئاوێنەم دەکرد هەستم بەمەرگ دەکرد بەخۆمم دەوت کوا جوانیەکەی جارانم خۆزگە خۆمم نەسوتانایە».

### ئەو کچەی لە بێشکەوە قوربانیە

(پەیمان)، بە ٣١ ساڵی تەمەنەوە بەرێکردنی ژیانی ئەستەمە، لەیەکەم چرکەی لەدایکبونیدا بێ دایک کراوە، چەوساندنەوەی توندی باوکی و باوەژنی توشی ئازاری جەستەیی و دەرونی کردوە. ئەو لەخوێندن بێبەشکراو مافی فەوتێنراوە، بەبوختانی خۆشەویستی کردن و لەدەستدانی کچێنی سەر زەنشتکراوە، هەتا لە رق دا پەنای بۆ خۆسوتاندن بردوە. ئەو پاش ئەو رواوە و بەهۆی سوتانەکەیەوە، لەپیاوێکی دوو ژنە مارە کراوە و ئێستا خاوەنی ٣ مناڵە.

(پەیمان) گێڕایەوە کاتێک لەگەڵ خێزانەکەی دا لەخانوە گڵێکی گەڕەکی هەژارەکان لەگەرمیاندەژیان ئەو کات

> ژنان بەئاسایی کردەوە توندەکان بەرامبەریان ئەنجام دەدرێت

تەمەنی ٩ ساڵ بوە چەند لەباوکی و باوەژنی پاڕاوەتەوە رێگەی بدەن وەک خۆشک و برا زڕەکانی بخوێنێت، رازی نەبونە و لەخوێندن بێبەشکراوە.

باسی لەوە کرد تەنیا منالی دایکی بوە لەکاتی هاتنە دونیاوە باوکی (پەیمان) ی لەدایکی وەرگرتوەو دایکی تەڵاقداوە، دوای چەند ساڵ دایکی دۆزیوەتەوەو بەدزیوە سەردانی کردوە، بەڵام دایکی بەتورپییەوە هەرەشەی لێکردوە جارێکی تر سەردانی نەکات، ئەمەش نائومێد و بێکەسی کردوە.

وتی: بەیانیانێک چومە ماڵی دراوسێکەمان بە سەر ئاو بێنم، کەوتم قاچم شکا و خوێنی لێهات، باوەژنم بەفرسەتی زانی و بوختانی بۆم کرد، قیژاندی و وتی بنت پڕاوەو کچێنیت لەدەستداوە، بڵی کێ وایلێت کردوە؟ براکەم وەکو ئاگر تێم بەربو سوێندنم خوارد و پاڕامەوە سودی نەبو، تفەنگی هێنا بمکوژێت وتی: ئابڕومانت بردوە، پیاوی دراوسێ و خەڵک لێم کۆبونەوەو نەیانهێشت وتیان پشکنێنت بۆ دەکەین، مەلایان هێناو کتێبیان بومنوسی وتیان پەردەی کچێنی نییە، ناوبانگی «کچە دەمەوەر و بێ حەیاکەیان» لێمنا.

رۆژانە رەفتاری خێزانەکەی خراپتربوە بەرانبەری وایلێهاتوە (پەیمان) توشی شڵەژانی دەرونیبوە , رۆژێک خزمێکی ئاوارەیان هاتونەتە نێو خانوەکەیان و پێکەوە ژیاون , دوای ماوەیەک باوەژنی بڵاویکردتەوە (پەیمان) خۆشەویستی لەگەڵ کوڕە ئاوارەکەی خزمیان دەکات.

وتی: «کەس نەبو هانای بۆ بەرم لەترسی تانەی ئەوەی پێیان دەوتم کچە دڵداریکەرەکە، ناچار بۆ رزگاربون لەم حاڵە، قتویەک نەوتم بەخۆمدا کرد و خۆمم سوتاند، بەئاگرەکەوە بەربومە دەشت، خۆشک و برا زڕەکەم کوژاندمیانەوەو یەک مانگ لەنەخۆشخانە بوم هەردوو مەمکم وەک خەڵۆزی رەش پێمەوە کەوتە خوارەوەو تەنها دەم و چاوم نەسوتا! چەند مانگ لەسەر جێگا بەئازاری جەستە و دەرون دەمناڵاند توشی نەخۆشی پێست و هەناوبوم».

وتیشی: هەڕەشەی بێدەنگیان لێدام بەخەڵک بڵێم تەباخم پێ تەقیوە تائێستا ئەم ڕاستیەم نەدرکاندوە.

رۆژێک ناسراوێکیان دێتەخوازبێنی (پەیمان) بۆ پیاوێکی کەمئەندام کە خاوەنی دو ژن و مناڵ بو. وتی: باوکم و باوەژنم رازیبون بێ پرسی خۆم بڕیاری هاوسەرگیریمیان دا، رەتمکردەوە هاوسەر گیری لەگەڵ پیاوێکی پیر و کەمئەندام بکەم، پێیان وتم کێ تۆی دەوێت پەردەی کچێنیت نییە و سوتاوی تۆش وەکو کەمئەندام وایت! ناچار رازیبوە و گواستویانەتەوە.

باسی لەوەکرد خوشکێکی دایکی دوای گواستنەوەی، شەوی زاوا پێشانی باوەژنیداوە کەخوشکەزاکەی بێ پەردە نییە!

(پەیمان) گەرچی لەکێشەکانی ماڵە باوانی رزگاربیبوە، بەڵام دەرگای نەهامەتێکی تری لێوالابوە.

وتی: «هاوسەرەکەم کەمئەندام و پیرە توشی نەخۆشیبوەو ناتوانێ بژێویمان بدات، هەژاری تەنگی پێهەڵچنیم، دەستم بەکرێکاری کرد، دواتر بومە کارگوزاری قوتابخانەیەک».

کارەساتەکانی ژیانی ئەم ژنە بەردەوامە، بەوهۆیەی خوێنیان لەگەڵ هاوسەرەکەی بۆیەک نەگونجاوە و پشکنینی پێشوەختەیان نەکردوە، بۆیە ٢ منالی بە کەمئەندامی هاتونەتە دونیاوە.

لەگەڵ ئەمەشدا، خۆسوتاندنەکەی تائێستا وازی لێنەهێناوە و ئازاری دەدات «لەتاو ئازاری لەشە سوتاوەکەم تابەیانی شەو نەخونی دەکەم».

### کاتێک ژیان و مەرگ جیاوازییان نامێنێت

بەلای نوسەرێکەوە، کردەوەی خۆسوتاندنی ژنان پێشێلکردنی مافە، چونکە پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکان ئەوەندە بەهێزن لەسەر ژن هیچ جیاوازێک لەنێوان ژیان و مەرگدا ناهێڵێتەوە.

عەزیز رەئوف، وتی: «لەنێو خێزان و کۆمەڵگای کوردیدا ژنان بەکەم سەیری دەکرێن و بەئاسایی کردەوە توندەکان بەرامبەریان ئەنجام دەدرێت، بۆیە ژنان خۆسوتاندن بە رێگە چارە دەزانن».

ئەو نوسەرە ئاماژە بەوە دەکات، کەتاوان لێکراوان بێدەنگی هەڵدەبژێرن، توشی کێشەی دەرونییان دەکات وپێش روداوەکە پەنا بۆ هیچ شوێن و یاسایەک نابەن، بۆیە رێگە خۆشکردنی توندوتیژی ئاسانتر دەبێت بۆ ئەنجام دەرانی.

### چارەسەر: پەروەردەی خێزانی

بەلای توێژەرێکی دەرونییەوە، دیاریدەی خۆسوتاندن دەبەسترێتەوە بەپەروەردەی خێزانیی، کەنەریتێکی

> کاتێک سەیری ئاوێنەم دەکرد هەستم بەمەرگ دەکرد

کۆن و بەردەوامە بەهۆی کەمی ئاستی هۆشیاری خێزان و کۆمەڵگا».

خەڵات ساڵح، توێژەری دەرونی لەگەرمیان، وتی: «کەموکورتی پەروەردەیی و خێزانی وادەکات ئافرەت توشی هەر کێشەیەک بێت نەتوانێت باسی بکات و داوای چارەسەر لە خێزانەکەی بکات، نەزانین لەچۆنیەتی مامەڵەکردنی تاوانلێکراو پێش هەبونی هەر کێشەیەک، گرێی دەرونیان بۆ دروست دەکات و ئەم گرێیانەش سەرەنجام سەردەکێشن بۆ خۆسوتاندن».

پێشیوایە کەچارەسەر و رێگە گرتن لەم حاڵەتە، هۆشیاری خودی ئافرەت و هاوکاری خێزانە بەپێدانی متمانە و هەروەها خێزانەکان جیابونەوەی کچەکانیان لەکاتی نەگونجان لا نامۆ نەبێت.

جەختیشدەکاتەوە کە پێویستە تاوانباران و هۆکارانی حاڵەتەکانی خۆسوتاندن، سزا بدرێن.

### بەرەنگاریونەوەی توندوتیژی چی دەڵێت؟

بەوتەی عەقید (لەمیعە محەمەد قادر)، بەڕێوبەری پێشوی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەگەرمیان، ئەم حاڵەتە ئەگەری مردنیان زۆرە، هەربۆیە بۆ ئەوەی وتەی تاوانلێکراوان وەربگرن دەستبەجێ لێکۆڵینەوە دەکەن و ئەگەر سکاڵایان هەبێت رێکاری یاسایی دەگیرێتە بەر.

وتیشی: «زۆرجار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سەردانی سەنتەری راوێژکاری دەکرێت و خۆسوتاندن رونادات».

عەقید لەمیعە، ئاماژەی بەوەشکردوە کە زۆری خۆسوتاندنەکانی ئەمساڵ (هەتا مانگی شوبات) بەهۆی هێنانی ژنی دوەمەوە بوە، کە گۆمەڵگای ئێمە چارەسەری یاساییان پێباش نییە، بۆیە زۆر حاڵەتی خۆسوتانی ناکاو رودەدات لێشیان بەنهێنی دەمێنێتەوە».





# لە ڕۆژی جیهانی ژنان دا..
# ڕەوشی ژنانی گەرمیان لە چ ئاستێک دایە؟



▪ نەوژین

**«هەنگاوێک بۆ پێشەوە و هەنگاوێک بۆ دواوە»، ڕەنگە ئەم وتە دەستکاریکراوەی (لینین)، ڕێک بەبەری ڕەوشی ژنانی گەرمیان لەنێوانی ٢ ڕۆژی جیهانی دا لە (٢٠١٨)ەوە بۆ (٢٠١٩)، بشێت.**

لەئاستی جیاوازەکاندا ڕەوشی ژنان لەگەرمیان لە هەندێک جومگەدا بەرەوپێشەوەچونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لە هەندێک جومگەی دیکەش دا پاشەکشە. لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵ دەدەین هەڵسەنگاندێک بۆ ئەو ڕەوشە بکەین بە پشت بەستن بە داتا و پێدراوەکان.

### ساڵێکی پڕ لە توندوتیژی

بەپێی ئامارە فەرمیەکان، ئەم ساڵ بە نیسبەت ژنانەوە ساڵێکی پڕ توندوتیژی و تەنانەت «خوێناوییش» بوە، بەوپێیەی حاڵەتەکانی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان بەڕادەیەکی بەرچاو زیادیانکردوە.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی و ژنان لەگەرمیان کە لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی (٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨) خستیانەڕو، ٣ حاڵەتی کوشتنی ژنان تۆمارکراوە، ئەمەش لەکاتێکدایە ساڵێک پێشتر هیچ حاڵەتێک تۆمار نەکرابو.

هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کردوە کە هەر لەو ماوەیەدا، ٥ حاڵەتی خۆکوشتنی ژنان تۆمارکراوە، بەڵام ساڵێک پێشتر تەنها ٢ حاڵەت تۆمارکرابو.

هەربەپێی ئامارەکان کە زۆرینەیان لەبارەی ساڵی پارەوەن (٢٠١٨)، حاڵەتە جیاوازەکانی توندوتیژی و سکاڵا تۆمارکردن زیادیان کردوە.

### ژنان لەناوەندی بڕیار دا

ڕوکاری حکومەت لەگەرمیاندا وەکو زۆرینەی ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، ڕوکارێکی نێرانەیە و ژمارەی ژنان لە پۆست و پایە ئیداریی و حکومیی و فەرمیەکاندا، زۆر کەم و بگرە دەگمەنن.

لەگەرمیان دا وەک لە ڕاپۆرتێکی دیکەی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی نەوژین دا هاتوە، «دەرگاکانی حکومەت بەڕوی ژنان دا داخراون»، بەوەی ڕێژەی ژنان لە پۆستە گشتیەکان دا زۆر کەمە.

> ئەمساڵ ژمارەی ژنانی بەڕێوبەر لە گەرمیان زیاد نەکرا

سەرباری ئەوەش ژنان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە فەراهەمکردنی دەرفەت بۆیان بۆ ئەوەی لە پۆست و پایەکاندا بچنەپێشەوە، وەکو پێویست نییە.

ئەمساڵ نەک هەر ژمارەی ژنانی بەڕێوبەر لە گەرمیان زیاد نەکرا، بەڵکو کەمتریش کرایەوە، کاتێک پۆستی بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی و ئافرەتان کە ژنێک بەڕێوەی دەبرد، لێی وەرگیرایەوە و درا بە پیاوێک.

لەبەرامبەریشدا پۆستی بەڕێوبەری کتێبخانە گشتیەکانی گەرمیان، بەشێوەیەکی وەکالەت دراوە بە ژنێک، بەمپێیەش ژمارەی ژنانی بەڕێوبەر لەگەرمیان، لە (٩) پۆست دا ماوەتەوە.

### ژن و کار

ئەگەرچی هیچ ئامار و داتایەکی ورد و فەرمیی لەبەردەست دا نییە، بەڵام بەپشت بەستن بە پێدراوەکان، لەبواری کارکردن دا، ئەم چەند ساڵەی دوایی هەنگاو و بگرە بازدانێک لەلایەن ژنانەوە لەگەرمیان دروست بوە، بەشێوەیەک کەم بوار هەیە کە ژنان بۆ کارکردن رویان لێنەکردبێت.

دروستبونی قەیرانی دارایی و کەمبونەوەی داهات و سەرچاوەی دارایی تاک و خێزان، نەبونی دەرفەتی کار لە کەرتی گشتی، زیادبونی ژمارەی دەرچوانی زانکۆ و هەوڵدان بۆ نەمانەوەیان بەبێکاریی، لەو هۆکارانەن کە پاڵیان بە ژنانەوە ناوە گەرموگوڕ تر کار بکەن.

ئەگەرچی ئستەنگەکان زۆرن و دەرفەتەکانیش کەمن، بەڵام بەشێکی بەرچاو لە ژنان چ لەرێگەی کارکردن لە پرۆژە و بازاڕی کار و دوکان و فرۆشگاکان، چ لە رێگەی دروستکردنی پرۆژە و کاری تایبەت بە خۆیان، چونەتە نێو بوارەکەوە، بەڵام هێشتا زەمینەی پیشەسازیی و بازرگانی کەرتی تایبەت لەگەرمیاندا ئەوەندە بەهێز و تۆکمە نەبوە، کەتوانای لە خۆگرتنی ڕێژەیەکی زۆری کچانی کارکەری هەبێت.

> لەم ماوەیەدا ٢ ژن بونە ئەندامی پارلەمانی عێراق و هەرێم

### ژن و سیاسەت

ڕەنگە درەوشاوەترین دەستکەوتی ژنان لە ماوەی ٢ بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنان دا لەگەرمیان، ئەو بەرەوپێشەوەچونەبێت کە ژنان لەبورای سیاسەت دا لەگەرمیان بەدەستیان هێناوە.

لەم ماوەیەدا و بۆیەکەمجار، ژنێک لەگەرمیانەوە دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەروەک ژنێکیش بە شێوازی سیستەمی نیمچەکراوەی دەنگدان، دەبێتە ئەندامی پارلەمانی کوردستان.

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دا، بۆ یەکەمجار (یوسرا ڕەجەب) وەکو ژنێکی دانیشتوی گەرمیان، بو بە ئەندامی ئەنجومەنەکە و لەسەر لیستی (نەوەی نوێ) کورسیەکی پارلەمانیی بەدەستهێنا، کە پێشتر گەرمیان هیچ نوێنەرێکی ژنی لەو ئەنجومەنەدا نەبوە.

لە پارلەمانی کوردستانیشدا، لەوەتەی بۆ دەنگدان پشت بە لیستی نیمچەکراوە بەستراوە، هیچ ژنێک نەیتوانیوە ببێت بە پارلەمانتار و سەرکەوتن بەدەستبێنیت و ببێت بە پارلەمانتار، هەتا بۆ یەکەمجار (شیرین ئەمین) لە لیستی بزوتنەوەی (گۆڕان) توانی ئەوکارە بکات.

سەرکەوتنەکە کاتێک گەورەتر دەبێت، کە ئەو پارلەمانتارە بەبێ پشت بەستن بە سیستەمی کۆتا و بەو دەنگە زۆرانەی کە بەدەستی هێناوە، توانی سەرکەوتو بێت لە هەڵبژاردن دا.

# هەمو شتێک لەبارەی: (8)ی مارسەوە



▪ نەوژین،
ئامادەکردنی: ئاسیا حسێن

**٨ی مارس، زیاتر لە سەد ساڵە بە ڕۆژی جیهانی ژنان دەستنیشانکراوە، بەڵام ئایادەزانیت ڕەگو ڕیشەی ئەم دیارییکردنە چییە و بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین پوختەیەک لەبارەی ئەم ڕۆژە و چیەتیەکەی بخەینەڕو.

بۆ ماوەی سەدەیەکە ڕۆژی هەشتی مانگی سێ بە ڕۆژی جیهانی ژنان ڕاگەیەندراوە و ئەم یادە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩١١)دا بو. ئەم ڕۆژە ماف و دەستکەوتی هیچ نەتەوە و ڕێکخراوە یاخود دەزگایەکی تایبەتی نییە، بەڵکو هەمو دانیشتوانی جیهان بە یەکسانیی بە موڵکی خۆیانی دەزانن. کە تێیدا سەرنجی جیهان ڕادەکێشرێت بۆ سەر هەمو ماف و ئەرک و بابەتە پێوەندیدارەکان بە ژنانی جیهانەوە هەشتی مارس، هەروەها جەژنگێڕانێکی جیهانییە بۆ خستنەڕوی دەستکەوتە کۆمەڵایەتیی، ئابوریی، کلتوریی و سیاسییەکانی ژنان.

ئاشکرایە کە هیچ حکومەت و دەزگایەک بەرپرسی فەرمی نەبوە و نییە لە بەڕێوەبردنی یاد یاخود مەراسیمێکی تایبەت لەو ڕۆژەدا، بەڵام دوای سەدەیەک لە ڕاگەیاندنی، ئێستا زۆرترین ڕێژەی دەزگا و ناوەندە حکومی و ناحکومییەکان لەو ڕۆژەدا خاوەن پلان و مەراسیمێکی تایبەتن و هەریەکە و بە جۆرێک باسی ئافرەت لەچوارچێوەی ناوچە جوگورافییەکەیدا دەخاتەڕوو.

ڕەنگی مۆر، ڕەنگێکی نێودەوڵەتییە کە سومبولی ڕۆژی جیهانی ژنانە. بناغەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژوەی کە لە ساڵی ١٩٠٨ دا، یەکێتی ژنان بۆ کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئەمریکا سێ ڕەنگی (مۆر، سەوز و سپی) کرد بە سیمبولی یەکێتییەکە. مۆر هێمای شکۆ و دادپەروەریی، سەوز هێمای ئومێد و سپیش هێمای پاکیزەیی دەنواند. ئەمڕۆش ڕەنگی مۆر بە هێمای ڕۆژی جیهانی ژنان دادەنرێت.

> مێژوی ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم

مێژوی ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەوکاتانەی کۆمەڵگەی نوێی پیشەسازی گرنگییەکی زۆری بە یەکسانی و مافی ڕەگەز دەدا. لە ساڵانی ١٩٠٨ و ١٩٠٩ و ١٩١٠ دا، چەند کۆنفرانسێکی جیهانیی بۆ ژنان دەبەسترا و تێیدا ژنانی ئیشکەر کە بەشێکی چالاکی کۆمەڵگەی نوێ بون، خاوەن دەنگی خۆیان بون.

لەکۆتاییدا و لە ساڵی ١٩١١، بەپێی بڕیارێکی کۆنفراسی نێودەڵەتی ژنانی ئیشکەر کە لە کۆپنهاگن دا بەسترابو، ڕۆژی نۆزدەی مارس ئاهەنگێکی نێودەوڵەتی بۆ ژنان گێڕدرا بەتایبەتیش لە (ئەڵمانیا و دانیمارک)دا. لە ساڵی ١٩١٣ ڕۆژەکە جێگیرکرا و ڕۆژی هەشتی مارسی بۆ هەڵبژێردرا.

سەرەتا تەنها وڵاتەکانی ڕۆژئاوا ئەو یادەیان بە هەند وەرگرت، پاشان بەدرێژایی چەندین ساڵ و تاوەکو ئەمڕۆ، ڕۆژی هەشتی مارس بۆ سەرانسەری جیهان ڕۆژێکی جیاوازە و بە نزیکیی لە هەمو ناوچەیەکدا مەراسیم و پێشانگا و چالاکی جیاواز سەرنجی هەموان لەسەر (ژن) کۆکدەکەن.

# منداڵی بلوری چۆن دروست دەبێت؟

## دیدار لەگەڵ (د.سەنا رەشید)، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵبون و نەزۆکی

▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**هێنانەدونیای منداڵ بەشێوازی بلوری، حاڵەتێکی پزیشکی باو و ناسراوە، بەڵام تائێستاش چەندین پرسیار و تەمومژ لەبارەیەوە لەلای ژنان بونی هەیە.**

لە دیدارێکدا لەگەڵ (د.سەنا رەشید)، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵبون و نەزۆکی، رونکردنەوەی زیاتر لەبارەی ئەم حاڵەتە دەخەینەڕو.

* منداڵی بلوری چیە؟

منداڵی بلوری بریتیە: لە پیتاندنی هێلکە و تۆو لەدەرەوەی لەشی دایک و دواتر گەڕاندنەوەی بۆ ناو منداڵدانی دایکەکە. ئەمەش بۆ ئەو دایکە بەکاردێت کە کێشە لەبۆری منداڵدان دا هەیە، یاخود ئەو خێزانانەی ماوەیەکی زۆرە دەرمان بەکاردەهێنن بۆ منداڵبون و بێئەنجام بوە.

*چ تەمەنێک گونجاوە بۆ ئەم شێوازە و ئەگەری سەرکەوتنی زیاترە؟

بەگشتی بۆ خواروی (٣٥) ساڵ ئەگەری سەرکەوتنی زیاترە، لە تەمەنەکانی سەروتر دا، ئەگەری دروستبونی منداڵی (مەنگۆلی) زیاترە.

*شێوازی دانانی چۆنە و بەچەند هەنگاو تێپەڕ دەبێت؟

دوای لێکۆڵینەوە و سۆنارکردن بۆ پیاو و ژنەکە، لە دوەم رۆژی سوڕی مانگانەی ژنەکە دەخرێتە سەر خواردنی دەرمان، پیاوەکەش لەدوەم رۆژدا تۆوەکەی وەردەگیرێت و دواتر بەم هەنگاوانەدا تێپەڕدەبێت:

هەنگاوی یەکەم: هێلکە دانانی بەهێز: ئەو دەرمانانەی کەبەشێوەیەکی سەرەکی رۆڵیان هەیە لەکرداری پیتاندن هەیە، دەدرێتە ئەو ژنانەی کەکرداری پیتێنیان بۆدەکرێ بە (IVF) بۆ بەهێزکردنی بەرهەمهێنانی هێلکەکان، بەشێوەیەکی سروشتی ژن هەرمانگە و هێلکەیەک بەرهەم دەهێنێت، بەڵام دەرمانەکانی پیتاندن واکاردەکاتە سەر هێلکەدانانەکان و ژمارەیەکی زۆر هێلکە بەرهەم بهێنێت. لەم ماوەیەدا پشکنین بۆ هێلکەدانەکان بەئامێری سۆنار دەکرێت.

هەنگاوی دوەم: دەرهێنانی هێلکە: لەم هەنگاوەدا هێلکەکانی ژنەکە دەردەهێنرێت. لێرەدا ئامێری سۆنار بەکاردەهێنرێت، کەدەرزی زۆر بچوکە، ئامێری مژۆکی پێوەیە لە رێگەی زێوە دەیباتە ژورەوە بۆناو هێلکەدان بۆ مژین و راکێشانی ئەو هێلکەچیکڵدانەی هێلکەی پێگەیشتویان تێدایە، ئەم کردارە دوبارە دەکرێتەوە بۆ هێلکەدانەکەی تریش.

هەنگاوی سێیەم: پەڕین و پیتێن: بەتێکەڵکردنی سپێرمی نێرینە لەگەڵ باشترین کوالێتی هێلکە، لە ژینگەیەکی کراوەدا دەڵێن «پەڕین». دوابەدوای چەند کاتژمێرێک لەکرداری پەڕین، سپێرم دەچێتە ژورەوە بۆ ناو هێلکە و پیتێن رودەدات.

هەنگاوی چوارەم: چاندنی کۆرپەلە: کاتێک هێلکە پیتێنراوەکان دەست بە دابەش بون دەکەن، ئەوکاتە دەبنە کۆرپەلە. لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە بەشێوەیەکی رێکوپێک پشکنین بۆ کۆرپەلەکان دەکرێت بۆ دڵنیابونیان بەشێوەیەکی گونجاو، دوای پێنج رۆژ لە گەشەی هێلکە پیتێنراوەکان دەبنە کۆرپەلە کە پێکهاتون لەژمارەیەک خانە و چالاکن لەدابەش بون.

هەنگاوی پێنجەم: گواستەوەی کۆرپەلە: دوای (٣-٥) رۆژ لەدەرهێنانی هێلکە و پیتاندنی کۆرپەلە، لەمنداڵدانی ژنەکە دادەنرێت، بەهۆی بۆریەکی باریک کە بۆری قەستەریە کۆرپەلەکەی تێدایە. لەزێی ژنەکە و لەڕێی ملی منداڵدانەوە کۆرپەلەکان لەمنداڵداندا دەچێنرێت و گەشەدەکات، ئەوکاتە حاڵەتی سکپڕبون رودەدات.

*ئایا چەند هێلکە و تۆو رادەکێشرێتە دەرەوە؟

بڕێکی زۆر وەردەگیرێت، بە نزیکەی ٢٠ هێلکە و تۆو، لەئامێری تایبەت هەڵدەگیرێن.

*ئایا خواستی نێر یاخود مێ بەدەستی پزیشکە؟

بەڵێ، ئەگەر کوڕیان ویست (XY) دەپیتێنرێت، ئەگەر کچیشیان ویست (XX) دەپیتێنرێ.

* رێژەی سەرکەوتنی ئەم رێگایە دیاری کراوە؟

نەخێر، دەکەوێتە سەر تەندروستی ژن و پیاوەکە و سەلامەتی هێلکە و تۆوەکە.

*وەکو ئاماژەت کرد پەیوەندی بەتەندروستی کەسەکەوە هەیە، کەواتا ئەو نەخۆشیانە چین دەبێتەهۆی دروست نەبونی منداڵی بلوری؟

ناتەواوی هۆرمۆنات، نەخۆشیە درێژخایەنەکانی وەکو (غودە).

*ئایا کەسێک منداڵی دوانەی بوێت، دەتوانن بیهێننە بەرهەم؟

بەڵێ، بەپیتاندنی هێلکەیە لەدو تۆو.

*ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان منداڵی ئاسایی و بلوری؟

نەخێر، تەنیا جیاوازی لەپیتاندنە، ئاسایی لە ناوەوە دەپیتێت، بلوری لەدەرەوە پیتاندنەکە دەکرێت.

*دوای دانانی منداڵی بلوری چ ئامۆژگاریەکی نەخۆش دەکەن؟

نابێت هەستێ و زۆر بجوڵێت، دەبێت پشو بدات لە مانگێک بۆ ٣ مانگ.



# پەڵەی پێست... هۆکارو چارەسەر



▪ نەوژین،
ئامادەکردنی: ئامینە محەمەد

**پەڵەی پێست: ئەو ماکە قاوەیی یا سورەیە کە رەنگەکەی تۆختره لە رەنگی ئاسایی پێست و بە تایبەت لە دەموچاو دا دروست دەبێت، زۆربەی ژنان گرفتی بونی پەڵەیان هەیە لەسەر پێست.**

پەڵەی پێست کاتێک رودەدات و دروست دەبێت، رێژەی مادەی (میلانین) زیاد بکات، ئەمەش بەکاریگەریی چەند هۆکارێک. هاوکات ئەم حاڵەتەش بەگرتنەبەری چەند رێوشوێنێک، ژنان دەتوانن بەسەریدا زاڵ بن.

### هۆکارەکانی دروستبونی پەڵە

١. دو گیانی.
٢. تیشکی خۆر و بەر خۆرکەوتن.
٣. بەکارهێنانی حەبی (منع).
٤. زیپکە و هەوکردنی پێست.
٥. ستریس و قەلەقی و دەرمانەکانی دژە خەمۆکی.
٦. بەکارهێنانی هەندێک جۆری حەبی گەشکە و دەرمانەکانی دژە کلۆبونی خوێن.
٧. هۆکاری نادیار و بۆماوەیی خێزانی.
٨. چونە تەمەن.
٩. کەمی ڤیتامین (K،C).
١٠. نەخۆشی جگەر.

### جۆرەکانی پەڵە

١. دروستبونی پەڵە لە سەر بەشی یەکەمی پێست (epiderm).
٢. دروست بونی پەڵە لە بەشی دوەمی پێست (derm).

### چۆنیەتی دروستبونی

بە هۆی یەکێک یان زیاتر لە یەک ئەم هۆکارانەی سەرەوە کە کاریگەری لە سەر خانەی میلانۆسایت دەکات کە بەرپرسە لە دروست کردنی میلانین و ئەویش بەرپرسە لە پێدانی رەنگ بە پێست، بە هۆی هۆکارەکان زیاتر میلانین دەردەدریت و بە شێوەیەکی زۆر بڵاودەبێتەوە بەسەر چینەکانی پێست و دەبێتە هۆی دروستبونی ماک.

### باوترین جۆری پەڵە

١. پەڵەی دوگیانی: زیاتر ناوەڕاستی دەموچاو و نێوچەوان و رومەتەکان و لوت و بەشی سەرەوەی لێو پەڵە ئەبێت بە یەک پارچە یان چەند پارچەیەک.
٢. پەڵەی زیپکە: لە هەمو شوێنێکی زیپکە بە شێوەیەکی پارچە پارچە دروست دەبێت.
٣. پەڵەی بەرخۆر: وەک پەڵەی دوگیانی دروست دەبێت بە یەک پارچە لە هەمو ناوچەکانی دەموچاو و شوێنی بەرکەوتنی خۆر.

**پەڵەی پێست بەهۆی زیادبونی رێژەی مادەی (میلانین)ەوەیە**

### چارەسەر

چارەسەر بەپێی جۆری ئەو بەشەی پێست کە توش بوە بەشی یەکەم یان بەشی دوەمە، ئەمەش لە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆری تایبەت بە پێست دەکرێت.

١. چارەسەر بە کرێم: بۆ لابردنی پەڵەی بەشی یەکەمی پێست سودی دەبێت. چارەسەرەکانی تر کە بەکاردێت بۆ لابردنی پەڵە لە چینی دوەمی پێست و بۆ یەکەمیش دەبێت.
٢. لەیزەر.
٣. دەرزی میسۆ و خەپلەی خوێن.
٤. دارڕنینی وردی پێست.

بۆ دوربون لە پەڵەی پێست و زیاتر نەبونی، باشترین و کاریگەرترین شت بەکارهێنانی دژە خۆرە، ئەویش بەپێی جۆری پێستت.

# شیردانی سروشتی، پێش منالْ سودی بۆ دایک هەیە



شیردان مەترسی توشبون بە شێرپەنجەی مەمک کەمدەکاتەوە

شیردان ژنان لە (١٠) جۆری نەخۆشی دەپارێزێت

**■ نەوژین،**
**ئامادەکردنی: نەسرین عەلی**

**شیردانی سروشتی جیا لە سودە گرنگ و بێهاوتاکەی بۆ منالْ، لە هەمان کاتدا سودی گرنگی تەندروستی و دەرونی هەیە بۆ دایکەکە. زۆربەی نەخۆشییەکان وەکو شێرپەنجەی منالْدان و مەمک لە دایک دوردەخاتەوە.**

زۆرینەی خەڵک ئاگادارن لە سود و گرنگی شیردانی سروشتی بۆ منالْ، بەڵام سودەکانی بۆ دایکەکە کەمتر باسی لێوەکراوە و زۆر رەچاو ناکرێت، ئەوەی باسی لێوەدەکرێت زیاتر سودەکەیەتی بۆ منالْ، زۆربەی دایکان بێ ئاگان لە سود و گرنگی ئەم بابەتە بۆ لایەنی تەندروستی و دەرونی خۆیان.
شیردانی سروشتی سودێکی بێ هاوتای هەیە نەک تەنها بۆ کۆرپەکە، بەڵکو بۆ دایکەکەش چەندین سودی بێ وێنەی هەیە، بەشێوەیەک لە (١٠) جۆری نەخۆشی و شێرپەنجە دەیپارێزێت.
شیری دایک لە شەش مانگی سەرەتای گەشەی منالْ تەواوی ئەو ڤیتامینانە دابین دەکات کە منالْ پێویستێتی بۆ گەشەکردن، کە ئەو ڤیتامینانە منالْ دەپارێزێت لە هەوکردن و ڤایرۆسەکان و نەخۆشییەکانی گەدە و تەنگەنەفەسی و هەوکردنی گوێ، هەروەها کرداری هەرس ئاسان دەکات و پلەی گەرمی لەشی منالْ جێگیر دەکات.
ئەو منالاْنەی کە شیری دایکیان دەخۆن کەمتر توشی هەستیاری دەبن لە چاو منالاْنەی کە شیری وشک دەخۆن. لەگەڵ ئەوانەشدا مژینی مەمکی دایک یارمەتی گەشەی باشتر و جێگیریی چەناکە و ددانەکان دەدات.
شیری دایک بە گوێرەی تەمەنی منالْ گۆڕانکاری بە سەردا دێت، بۆ هەر تەمەنێک پێداویستییەکانی گەشەی منالْ دابین دەکات.
یەکێکی دیکە لە گرنگییەکانی شیردانی سروشتی ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان دایک و منالّەکە پتەو و بەهێز دەکات.
لەگەڵ ئەو هەمو سودانەی بۆ منالْ چەندین سودی بێ هاوتای بۆ دایکەکەش هەیە، یارمەتی دایک دەدات لە دوای منالّبون زوتر چاکببێتەوە، لە گەڵ بەستنی منالْدانی دایک کە بە هۆی منالّبونەوە دەکرێتەوە.
هەروەها دەبێتە هۆی دەردانی هۆرمۆنی ئەکسیتوسین کە ئەم هۆرمۆنە یارمەتی زوتر چاکبونەوەی منالْدان دەدات کە بگەڕێتەوە شێوەی ئاسایی خۆی.
هەروەها رۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی هۆرمۆنی ئیسترۆجین، بەمەش مەترسی توشبون بە شێرپەنجەی مەمک کەمدەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگاری دەکات لە خوێن بەربون و هەوکردنی دوای منالّبون.
شیردانی سروشتی دایک دەپارێزێت لە کەمخوێنی و شێرپەنجەی منالْدان، هاوکات دڵ بەهێزدەکات.
ئەمانە و چەندین سودی دیکە وەک رێگری کردن لە سکپڕی و دوگیان بون و دابەزاندنی کێشی لەش، سەرەڕای ئەوانەش خەمۆکی دوای منالّبون کەمدەکاتەوە.

# رەنگ و ستایڵە نوێکان بۆ بەهاری ئەمساڵ

**■ نەوژین،**
**ئامادەکردنی: سێوە محەمەد**

**رەنگەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر کەسایەتیەکان و لەهەمان کاتدا ئارەزو یان خواست بۆ هەر رەنگێک، رەفتار و شێوازی کەسایەتی و مامەڵەی تۆ دەردەخات.**

ستایڵ و رێکخستنی جلوبەرگەکەت بەشێوازێکی مۆدێرن، هەستێکی خۆش دەبەخشێت بەلایەنی دەرونیت، خانمانیش هەمیشە ئارەزو دەکەن بە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین شێوە دەربکەون.
گرنگیدان بە رێکخستنی رەنگەکان لەوەرزی بەهاردا پێویستە بە ورياييەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، تابەجوانترین شێوە دەربکەویت.
وەک ئاشکرایە بەهار وەرزی رەنگ نوێبونەوە و زیندوبونەوە و وەرزی گوڵە، باشترواية ئەو جلوبەرگانە بپۆشین لەگەڵ ئەم وەرزە دا بگونجێت باشترین هەڵبژاردەش رەنگە شادەکانە، لەبەرکردنی جلوبەرگی رەنگ شاد هەستێکی نوێبونەوە و خۆش دەبەخشێت بەلایەنی دەرونی خۆت و دەوروبەرەکەت.
بۆ رێکخستنی رەنگەکانی بەهاری ئەمساڵ، زۆر گرنگە خانمان دور بکەونەوە لە رێکخستنی رەنگەکان بەشێوازە کۆنەکان، ئەو کەسانەی ئارەزو دەکەن دەتوانن لە دو رەنگ زیاتر تێکەڵ بکە، کە نوێترین مۆدیلی رێکخستنە.
بۆ ئەم مەبەستە پسپۆڕانی بواری دیزاینی جلوبەرگ لەسەر بنەمای بنچینەی رەنگەکان و گونجاندنی لەگەڵ یەکدی دا بەدانانای لیستی رەنگە جیاوازەکان، توانیویانە هاوکاری خانمان بکەن، تاکو بەئاسانی رەنگەکان لەگەڵ یەکدی بگونجێنن.
بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە رەنگە بنەڕەتییەکانی: شین، زەرد، سەوز و سور بەستراوە ، جگە لەوەش رەنگی رەش و شینی تۆخ و سپی رۆڵیان هەیە، دواتر رەنگەکانی پەمەیی و بنەوشەیی، توانیویانە ببنە تێهەڵکێشێک لە نێوان ئەم رەنگانەدا.
ژنان دەتوانن سود لەم رەنگو ستایلاْنە وەربگرن کر بۆ کارکردن و چونە دەرەوەی گونجاون:
١. قەمیسی شین و پانتۆڵی رەنگ کابۆیی، یەکێکە لە مۆدێلەکانی جلوبەرگ بۆ بەهاری ئەمساڵ.
شینی ئاسمانی یەکێکە لە رەنگە خۆشەویستەکانی ژنان، ئەم رەنگە سارد و ئارامیی بەخشە، تێکەڵکردنی شین بە رەنگە گەرمەکانیش، تێکە ڵە یە کی سەرنجڕاکێشی لێ دروست دەبێت، وەک تێکەڵ لەگەڵ ئاڵتونی و سپی، هەروەها ەەنگی شین لەگەڵ ەەنگە شادەکان زۆر گونجاوە وەک: سورو پەمەیی .
٢. قەمیسی رەنگ سپی مۆدیل دەبیت بۆ بەهاری ئەمساڵ، دەتوانیت لەگەڵ هەمو رەنگە پانتۆڵێک لەبەری بکەیت.
٣. رەنگی زەردی تۆخ یەکێکە لە رەنگە دیاریکراوەکان بۆ بەهاری ئەمساڵ و لەگەڵ کابۆی شین زۆر گونجاوە. هەروەها زەرد دەتوانیت لەگەڵ رەنگە گەرمەکان تێکەڵ بکرێت وەک: قاوەیی، رەش و سورمەیی ولەگەڵ رەنگە کاڵەکانیش وەک: سپی.
٤. قەمیسی رەنگ پرتەقاڵی کاڵ و پیازی، دو رەنگی هەڵبژێردراوە بۆ ئەمساڵ و ئەم رەنگە بۆ ئەو کەسانە زۆر گونجاوە کە رەنگی پێستیان سپیە.



باشترین هەڵبژاردە رەنگە شادەکانە

٥. رەنگی پەمەیی رەنگێکی ناسکە وهەستی شادی و دڵخۆشی دەهێنێت بۆ ئەو کەسانەی کە لەبەری دەکەن. ئەم رەنگە بە رەنگی خانمان بەناوبانگە و رەنگی دڵخواستیانە، دەتوانیت ئەم رەنگە ناسکە لەگەڵ رەنگی مۆری کاڵ وشین و سپی و رەش و سورمەیی تێکەڵ بکرێت.
٦. یەکێکیتر لەو رەنگانەی کەدەتوانین پێشنیاری بکەین بۆخانمان لە بەهاری ئەمساڵ، رەنگی سورە.
رەنگی سور رەنگێکی گەرم و سەرنجڕاکێشە. ئەگەر دەتەوێت سەرنجی هەموان بۆخۆت راکێشی بەدڵنیاییەوە سور هەڵبژێرە، ئەم رەنگە لەگەڵ شینی ئاسمانی و سەوز و سپی و رەش زۆر جوان دێتە پێش چاو، بەڵام دەبێت ئاگات لەوەش بێت رەنگی سور بۆماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی ماندوبونی چاوەکان، بۆیە باشترواية ئەم رەنگە لەگەڵ رەنگاکانی تر تێکەڵ بکرێت.

## دەربارەی نەوژین

نەوژین، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی تايبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بلاْودەکرێتەوە.
یەکەم ژمارەی لە ٢٠١٦/١٢/٢٦ دەرچوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.
رۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.
رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

# دۆمەڵان ژنانی گەرمیان دەخاتە دەشت و گەڕان



▪ نەوژین، خۆشبین جەلال

**(هاجەرە) لە دەشتی گەرمیان دا لەگەڵ ژمارەیەک دەستەخوشکی دا، سەرقاڵی دۆزینەوەی دۆمەڵان بو، باسی لەوە دەکرد کە زۆرجار لەگەڵ هاوسەرەکەی و هەندێک لە کەسوکارەکەیان، دێتە دەرەوە بۆ دۆزینەوەی دۆمەڵان.**

لەگەڵ نزیک بونەوەی وەرزی بەهار و پێگەیشتن و دەرچونی هەندێک روەک و خواردنی سروشتی، بەشێکی بەرچاو لە هاوڵاتیان رو لە دۆزینەوە و دەرهێنان و چنینی ئەو بەرهەمانە دەکەن، لەنێویشیاندا (دۆمەڵان) لەسەروی ئەو بەرهەمانەوەیە کە زۆرترین خواستی لەسەرە.

ئەگەرچی زۆربەی جار پیاوان بەدوای دۆمەڵان و دۆزینەوەی دان، بەڵام هاوکات ژمارەیەکی بەرچاویش لە ژنان رو لە دەشتەکان دەکەن بۆ دۆزینەوەی دۆمەڵان.

گەلاوێژ، ژنێکی ٤٢ ساڵەی دانیشتوی کەلارە. یەکێکە لەوانەی کە تامەزرۆی ئەم خواردنە دەکات و زۆربەی بەهارانیش بۆ دۆزینەوەی دێتە دەرەوە، بەڵام وەکخۆی دەڵێت: کەمجار بەخت یاوەری دەبێت.

وتی: زۆر حەزم بە دۆمەڵانە و زۆرجار دێینە دەرەوە و بۆی دەگەڕێم، بەڵام نەمتوانیوە لە چەند دانەیەک زیاتر بدۆزمەوە.

دۆمەڵان، بەرهەمێکی سروشتی خۆڕسکە، جۆرێکە لە جۆرەکانی کەڕو و شێوە و شێوازەکەی لە پەتاتەوە نزیکە، چونکە وەک ئەو شێوەیەکی خڕی هەیە و هاوکاتیش وەک ئەویش لەژێر زەوی دا پێدەگات لە قوڵایی ١٠ بۆ ٥ سانتیمەتر. ئەم بەرهەمە لەزۆر جێگادا هەیە، چ لە بیابان و دەشتەکان، چ لە شاخ و هەردەکان دا.

ئەم سروشتی بونەی دۆمەڵان، وایکردوە رەواجێکی زۆری هەبێت و خەڵکێکی زۆر حەز بەخواردنی بکەن، هەر ئەمەش وایکردوە نرخیشی لە بازاڕدا گران بێت، هەربۆیە زۆرێک لە کەسان و خێزانەکان، لەبری کڕینی، خۆیان دەگەڕێن و لە دەشتەکاندا دەیدۆزنەوە.

گەلاوێژ، باسی لەوەکرد کە لەگەڵ زۆر لە کەسانی ناسیاو و کەسوکارەکەی دا رۆژانی بەهار بۆ گەڕان بەدوای دۆمەڵان دا دێنە دەرەوە.

وتیشی: «ساڵ هەیە لە شوێنی بەردەڵان و سەوزەگیادا دەڕوێت، بەڵام بە گشتی لە زەویەک دەرەچێت کە تۆزێک بئاوسێت و درزی تێبکەوێت».

هەندێک لە ژنان، لەگەڵ هاوسەرەکانیان دا لە کاتێکی زوی رۆژدا، رو لە دەشتەکان دەکەن بە ئومێدی دۆزینەوەی دۆمەڵان.

هاجەرە، ٣٩ ساڵ، خەڵکی کەلارە، یەکێکە لەو ئافرەتانەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا زۆربەی رۆژەکان دەچێتە دەشتەکان بەمەبەستی دۆزینەوەی دۆمەڵان.

وتی: «رۆژانە لە پاش بانگی بەیانی لەماڵ بەڕێدەکەوین تا زوتر بگەین و کاتی زیاترمان هەبێت بۆ دۆزینەوەی دۆمەڵان».

ئاماژەی بەوەش دا: «ئەگەرچی دۆمەڵان بەئاسانی نادۆزرێتەوە و ماندوبونێکی زۆری دەوێت، بەڵام خواردنی خۆشە و سودێکی زۆری هەیە».

تەنیا ژنان نین رو لە دۆزینەوە و کۆکردنەوەی دۆمەڵان دەکەن، بەڵکو کچانیش هەمان حەماس و ئارەزویان بۆ ئەم خۆراکە بەنرخە هەیە.

دێرین، ٢٠ ساڵ، خوێندکارە لەکەلار، باس لەوە دەکات زۆرجار بۆ دۆزینەوەی دۆمەڵان دێنە دەرەوە. پێشیوایە سەرباری دۆزینەوەی دۆمەڵان، هاوکات کەشێکی خۆشیش لەگەڵ کەسوکارەکەی دا لەم دەرچونانە بەسەر دەبەن.

وتی: «زۆرجار رۆژانی هەینی و شەمە دەچمە گەڕان و توانایەکی باشم هەیە لە دۆزینەوەی دۆمەڵان دا».

بەپێی بەدواداچونێکی (نەوژین)، رۆژانە بڕێکی زۆر دۆمەڵان دێتە عەلوەی سەوزە و میوەی کەلار، کە خۆی لە نزیکەی ٧ تەن دەدات.

> دۆمەڵان بەئاسانی نادۆزرێتەوە و ماندوبونێکی زۆری دەوێت

> رۆژانە لە پاش بانگی بەیانی لەماڵ بەڕێدەکەوین بۆ دۆزینەوەی دۆمەڵان

بەرێوەبەری عەلوەی کەلار، باس لەوە دەکات ئەم بڕە زۆرەی دۆمەڵان کە کڕین وفرۆشتنی پێوەدەکرێت، لەناوچەی دیکەوە دێن و هی کەلار یان گەرمیان نین.

نەجمەدین کەریم، بۆ (نەوژین) وتی: «ئەو دۆمەڵانەی کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت، زۆرتر لە ناوچەکانی عێراق بەتاییەت لە سامەرا و رومادی و سەماوەوە دێنە ئێرە، کەمتر لە کەلار دەیهێنین، چونکە ئەوانەی لای خۆمان، خەڵکەکە یان خۆیان دەیخۆن، یان بەرهەمەکەش زۆر نیە و راستەوخۆ دەیبەنە بازاڕ و دەیفرۆشن».

ئاماژەی بەوەشدا گرانی نرخی دۆمەڵان بەپێی جۆرەکەی کەوتوە، وەکخۆی وتی: دۆمەڵانی سور نرخی گرانترە و خواستێکی زۆرتری لەسەرە، بەڵام دۆمەڵانی سپی نرخەکەی کەمترە.

کەسانی دیکە هەن کە زیاتر چێژ لە دۆمەڵانی سروشتی دەبینن و خواردنی ئەوجۆرە دۆمەڵانانەی کە خۆیان دەیدۆزنەوە، بە گونجاوتر دەزانن.

ئامینە مەحمود، ٥٦ ساڵ، ماوەی ٢٠ ساڵە سەردانی دەشتەکان دەکات بۆ کۆکردنەوەی دۆمەڵان. بەدەم گەڕانەوە بە دوای دۆزینەوەی دۆمەڵان، باسی لەم خۆراکە کرد کە ئەو و هاوڕێکانی هێناوەتە ئەو دەشتە و وتی: «دۆمەڵانی خۆماڵی زۆر خۆشترە و هەروەها دکتۆر وتویەتی زۆر باشە بۆ لاشە و بۆ فشاری خوێن و ژەهری ناو لاشە لادەبات».





